المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص:135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# شارباژێر لە ئەرشیفی عوسمانیدا (1851-1914)

بژار عثمان أحمد [1]، دڵشاد عەزیز مارف واژەیی [2]

[1]بەشی مێژوو، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، عێراق
[2]بەشی شوێنەوەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: bzhar.ahmed@hist.soran.edu.iq[1], dlshadazamua@gmail.com[2]

**پوختە:**

قەزای شارباژێر کە سنورێکی فراوانی بەشی خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی پێکدێنێت، لەماوەی پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا هەر بە ناوی شاربژێر و وەک قەزایەکی سەربەخۆ ناوی هاتووە، ئەمە جگە لەوەی لە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی دا و تا ساڵی ١٧٨٤ز. پایتەختی میرنشینی بابان بووە. ئەم توێژینەوەیە یەکەم هەوڵی ئەکادیمی چڕە بۆ بارودۆخی شارباژێر لە گشت لایەنەکانەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەرشیفەکانی عوسمانیدا، بە تایبەت لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١ هەتا جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین وردەکاری ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانە شیبکەینەوە و گۆڕانکارییە سیاسی و کارگێری و ئابورییەکان گفتوگۆ بکەین و بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکانی تر و تۆماری گەڕیدە هاوسەردەمەکانیان و مێژووی زارەکی و دیدگایەکی فراوانتر بۆ تێگەیشتن لە شارباژێری دوای ڕووخانی میرنشینی بابان بخەینەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری و خستنەڕووی بەڵگەنامەکانمان بەکارهێناوە، بەوئیش بە پشت بەستن بە ساڵنامە و بەڵگەنامەکانی عوسمانی و سەرچاوەکانیتر

**کلیلە وشەکان:** شارباژێر، سلێمانی، قایمقام، سیتەك، ماوەت، کەنارو.

**الملخص:**

تغطي منطقة شهربازار التاريخية مساحة شاسعة تشمل جميع الوديان والسهول الضيقة والجبال الوعرة شرقي محافظة السليمانية، وهي مقاطعة و قضاء اداري تابع لمدينة السليمانية تسمى شهربازار إلى حد ما بنفس حدود يومها الحالي منذ عام 1514 م. كانت قلعة جولان في وسط هذه المنطقة عاصمة إمارة بابان قبل بناء مدينة السليمانية عام 1784م. اسس الكورد عددًا من الإمارات المستقلة على أراضيهم قبل صعود العثمانيين وأثناء صعودهم، وسيطر العثمانيون و الصفويون خطوة بخطوة على هذه الإمارات الكردية، وقسموها إلى ولايات وسناجق و اقضية.

بعد أن حسم العثمانيون مصير إمارة بابان عام 1851م، قسّم العثمانيون الأراضي التي كانت تحت إمرة البابانيون إلى عدد من المناطق الإدارية، من بينها منطقة شهربازار، وأطلق عليها اسم قضاء تحت - سنجق السليمانية في ولاية الموصل، لما لها من موقع استراتيجي لبعض الأسباب. عاصمتان قديمتان لإمارة بابان تقعان في منطقة شهربازار في ماوەت وقلاچولان قبل بناء مدينة السيلمانية كعاصمتهم الجديدة، ربطت شهربازار بعدة طرق تجارية مهمة من جميع الاتجاهات، كما كانت تحدها الدولة الصفوية من الشرق. أثناء وبعد سقوط إمارة بابان إلى سقوط الدولة العثمانية تم ذكر قضاء شهربازار في العديد من الوثائق الإدارية والقانونية، ولا تزال هذه الوثائق محفوظة في الأرشيفات العثمانية في اسطنبول، ولم يتم دراستها بعد، والهدف من هذا البحث هو دراسة و تحقق وتحليل التفاصيل السياسية والإدارية والاجتماعية والاقتصادية التي وردت في هذه الكتابات من نوع سالنامه و تلگرافنامه.

منهجية البحث المستخدمة في هذه الدراسة أسلوب التحليل التاريخي والنصي مع تصميم بحث استكشافي، اعتمادًا على المصادر الأولية والثانوية. راجع الباحثان عدة أنواع من المصادر الأولية، مثل الأرشيف العثماني، وسالنامة العثماني، والمخطوطات الكردية و التركية الاخرى، والمصادر الثانوية مثل الكتب والأطاريح والبحوث. بالإضافة إلى ذلك، نحاول أن نوازن الأحداث التاريخية المذكورة في هذه الأرشيفات مع التاريخ الشفوي لأهالي منطقة شهربازار.

**كلمات مفتاحية:** شهربازار، سليمانية، قائمقام، سيتك، ماوت، كنارو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8



Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

The historical Sharbazher district covers a vast area including all the valleys, narrow plains and roughed mountains east of Sulaimani, the district called Sharbazher was the capital of Baban Kingdome until building the city of Sulaimani in 1784 AD. After the Ottomans sealed the fate of the Baban princedom in 1851 AD., the Ottomans divided the territories that was under the Babani princedom to numbers of administrative districts, among them Sharbazher (Shehr-i Bazar) district, and it was called a qaza under the Suleymaniye sanjaq in the Mosul Vilayet.

After the fall of the Babani Princedom to the fall of the Ottomans Sharbazher district was mentioned in several documents, they are not studied yet, the aim of this paper is studying this important achieve and analyze the political, administrative, social and economic details that was mentioned in these archives.

The research methodology of this study uses qualitative historical and textual analysis methods with an exploratory qualitative research design, depending on both primary and secondary sources.

**Keywords:** Sharbazher, Ottoman archives, Sulaimani, Sitak, Mawet, Kanaru.

**یەکەم/ ناوی شارباژێڕ:**

دەربارەی ناوی شارباژێڕ بۆچوونی جیاواز خراونەتەڕوو، گومانی تێدانییە کە ئەم ناوە ناوێکی زۆر دێرین نییە، واتە ناوەکە پەیوەندی بە بنەچەی ئەو ناوانەوە نییە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی گەلی دێرینی لوللوبییەکان کە هەر لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە هەتا سەردەمی میدییەکان لە کۆتایی سەدەی حەوتەمی پێش زایین شارباژێڕ بەشێکی گرنگ و ناوجەرگەی نیشتیمانی ئەم لوللوبییانەی پێک دەهێنا.[1]

لەبنەچەدا ناوی شارباژێڕ نابێت لەسەردەمی دوای میدییەکان کۆنتربێت، و بەتایبەتی تر ئەم ناوە لەوانەیە لەسەردەمی ساسانییەکانەوە برەوی سەندبێت. پسپۆڕی بواری زمانە دێرینەکانی کوردستان (کۆزاد محەمەد ئەحمەد) دەڵێت هەموو ئەو لێکدانەوانەی بۆ ناوی شارباژێڕ کراون کە گوایە ناوەکە لە دوو بڕگە پێکهاتووە (شار+باژێڕ) و هەردووکیشیان هەر بە واتای (شار)دێن، یەکێکیان بە سۆرانی و ئەوانی تریش بە کرمانجی، لایەنگرانی ئەم لێکدانەوەیە تەواو نەیانپێکاوە و "تاڕادەیەک جێگەی پرسیار و سەرسوڕمانە"،[2] چونکە کۆنی و ڕیشەی سەدان و هەزاران ساڵەکەی لەبەرچاونەگیراوە و، تەنها بە پێوەری زمان و فەرهەنگی ئەم سەردەمە لەو ناوە کۆنانە دەڕوانن، کۆزاد محەمەد پێی وایە کە بەشی دووەمی ناوەکە (باژێڕ) بە واتای (بازاڕ) دێت نەک (شار)، بۆ ئەم مەبەستەش کۆزاد محەمەد ئاماژە بە ناوی سەرکردەیەکی سەربازی باڵای سەردەمی پاشای ساسانی کیسرا ئەنۆشیروان(579-531ز.) دەکات کە ناوی (شەهروەڕاز) بووە واتە (بەرازی دەوڵەت)، هەروەها پەیوەندی وشەی (شار) بە وشەی خشاترای میدییەوە کە بە واتای (پاشا) دێت و کۆزاد ئەحمەد بە وشەیەکی فارسی داناوە، ئەو پێی وایە کە وشەی (شار) لە زمانی کوردیدا لە سەردەمەکانی پێشوودا بە واتای (دەوڵەت)یش هاتووە، هەتا ئەو کاتەی کە وشەی (دولة) لە جێگەی وشەی (شار) بۆ دەوڵەت بەکارهێندراوە، لەبەرئەوە کۆزاد محەمەد دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە (شارباژێڕ) لە کۆندا واتای(دەوڵەتە شار) یان (شارە دەوڵەت)ی داوە، چونکە لەسەردەمە دێرینەکاندا دەوڵەتۆکەی بچووک هەبوون کە تەنها یەک شار و دۆڵ و دەشتەکانی دەوروبەرەکەی چەقی دەسەڵات و سنوری فەرمانڕەواییان بووە.[3]

لەگەڵ ئەوەی ئەم بۆچوونەش بۆچوونێکی گونجاوە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە ئایا بنکە و پایتەختی ئەو دەوڵەتە شارەی شارباژێڕ کەوتووەتە کوێوە؟ ئایا لەژێر شاری قەڵاچوالانی کۆنە پایتەختی بابان دایە؟ یان لە ژێر چوارتای ناوەندەی قەزای شارباژێڕی ئێستادایە؟ یان لە سیتەکی ناوەندی قەزای سەردەمی عوسمانی؟ یاخود لە سنوری دێیەکانی شیوەکەڵ و ماوەت و کەنار

---

[1] RIMA III A.0.102.2: ii 10-15; 75b-78; RIMA II A.0.101.1: ii 48-84; Levine, Louis D., Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros: I, Iran, Vol. 11 (1973), pp. 1-27.

[2] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، "گرفتی ناوی شارباژێڕ"،گۆڤاری بابان، ل (٢-٣).

[3] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، "گرفتی ناوی شارباژێڕ"،گۆڤاری بابان، ل (٢-٣).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و واژه؟ یاخود لەسەر شوێنەواری شاری ئارراکدی کۆنە پایتەختی هەرێمی زاموای وڵاتیی لوللو لە بناری چیای لەرێی خۆرهەڵاتی چوارتا؟ بێگومان ئەم ئەگەرانە بە بێ کنەوپشکنینی شوێنەواری پشتڕاست ناکرێنەوە، هەرچەندە لە هەندێک لەم شوێنانەی کە باسمانکردن پاشماوەی شوێنەواریش هەن، بەڵام دواجار بەڵگەی کنەوپشکنینی شوێنەواری و تۆماری نووسین ئەم پرسە یەکلادەکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە، شارباژێر ناوی ناوچەیەکە و لە هیچ تۆمارێکدا شارباژێر وەک ناوی شارێک نەهاتووە. کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکانی داهاتوو لەوانەیە وەڵامی دروستی ئەم باسە بدەنەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاشکرایەوە ئەوەیە کە بە پێی ئەو سەرچاوانەی ئێستا لەبەردەستماندان ناوی (شارباژێر )تەنها لەم پێنجەسەد ساڵەی ڕابردوودا لە تۆمارەکاندا ناوی هاتووە، و تەنها لەسەردەمی میرنشینی بابان و عوسمانییەکاندا ناوەکە بە شێوەی (شهربازار) تۆمارکراوە و ئەم شێوازە تۆمارکردنەش هەتا ئێستا لە ڕەگەزنامە و ناسنامەی باری کەسێتی دا هەر دەنووسرێت (شهربازار) و لە زاری خەڵکی ناوچەکەشەوە هەر بە شێوەی (شارباژێر) گۆ دەکرێت. جێی ئاماژەیە ئەم ناوە لە زمانی تورکی عوسمانیشدا هەر بەمانای شوێنی بازارکردن دێت، لەبەرئەوە تورکەکان کێشەیەکیان نەبووە لە تۆمارکردنی ناوەکە بە شێوەیەک کە نزیکە لە ناوی شارباژێرەوە و بە (شهربازار/شهرپازار) تۆماریان کردووە، و بۆ دەوڵەتی سەفەویش ئەم ناوە شێوەیەکی فارسی داوە و کێشەی لەگەڵ نەبووە، و دواتریش دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقیش (شهربازار)ەکەیان لە کوردییە ڕەسەنەکەی (شارباژێر) پێ باشتربووە و تا ئێستاش هەر لە تۆمارە فەرمییەکاندا بەو شێوەیە تۆماری دەکەن.[4]

**دووەم/ شوێنی جوگرافی شارباژێر:**

قەزای شارباژێر بە پێوەرە فراوانە مێژووییەکەی قەزایەکی سنور فراوانی گەورەیە کە لە خۆرهەڵاتەوە ناوچەکانی سنوری شاری بانەی خۆرهەڵاتی کوردستان و لە گۆشەیەکی باکوری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ سنوری سەردەست و پشدەر و لە باشوری خۆرهەڵاتەوە هاوسنوری قەزای پێنجوێن و لە باشورەوە دەشتی شارەزوور و لە خۆرئاواوە قەزای ناوەندی سلێمانی و ناحیەی سەرچنار و دۆڵی مێرگەپان و سورداش و لە باکور و باکوری خۆرئاواوە دوکان و مەرگە و پشدەر هاوسنووری بوون.[5]

شارباژێر یەکێکە لە ناوچە سەخت و شاخاوییەکانی باشوری کوردستان کە زۆرترین لوتکەی چیای بەرزی لە ڕووبەرێکی کەم دایە، شارباژێر بەشێوەیەکی گشتی هەڵکەوتەیەکی سەختی هەیە. لەڕووی جوگرافییەوە خەڵکی ناوچەکە ناوچەکەیان دابەشکردووە بە دوو بەشەوە، ئەوانیش (شارباژێری تەخت) و (شارباژێری سەختن) لەڕاستیدا شارباژێرە تەختەکەش هەر لێژایی و شیو و دۆڵە و هیچ دەشتێک و تەختاییەک لە شارباژێردا نییە. شارباژێری تەخت زیاتر بەشی خۆرئاوای شارباژێر دەگرێتەوە و لە باشوورەوە لە ناوچەکانی سرۆچک و بەرزنجەوە بەرەو سیتەک و تەگەران و قەڵاچوالان و گشت ئەو لادێیانەی لەسەر رۆخی ڕووباری قەڵاچوالانن و دەوروبەرین هەتا دێی مۆکەبە و تێکەڵبوونی لەگەڵ ڕووباری سیوەیل و پێکهێنانی (دووچەمان) و بەشێک لە تەختاییەکانی سەرەتای دۆڵی جافایەتی و دەوروبەری کونەماسی و ناوچەی شینکایەتیش هەر بەشێکن لە شارباژێری تەخت. لەکاتێکدا (شارباژێری سەخت) ناوچە شاخاوییەکانی بەشی خۆرهەڵاتی شارباژێر دەگرێتەوە، بەتایبەت گشت ئەوناوچانەی دەکەونە ئەمبەرەوبەری ڕووباری سیوەیل و هەموو ئەو ناوچانەی کە دەکەونە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری سیوەیل و ڕووباری دووچەمان هەتا سنوری بانە.[6]

لە شارباژێردا ژمارەیەک ڕووبار هەن، ڕووبارەکانی قەڵاچوالان و سیوەیل کە هەردووکیان لە ناوچەکانی سنوری پێنجوێنەوە سەرچاوەدەگرن و لە ڕۆژهەڵاتی شارباژێرەوە بەرەو خۆرئاوای دێن و هەردووکیان لە دێی دووچەمان تێکەڵ یەکتر دەبن، دوو ڕووباری سەرەکی شارباژێرن، و دوای تێکەڵبوونیان لە مۆکەبە، هەردووک پێکەوە ڕووباری (دووچەمان) پێکدێنن، پاشان ئەم ڕووبارە بەرەو باکوری خۆرهەڵات دەڕوات و لەگەڵ چەمی کەڵوێ تێکەڵ دەبێت و بەرەو سنوری پشدەر دەڕوات و دەبێتە بەشێک

---

[4] تویژەران.

[5] پیمان مظفر صالح قادر، ٢٠١٦، تأثير المناخ في راحة الانسان للنشاط السياحي في قضاءي كلار و شارباژێر (دراسة مقارنة في الجغرافية السياحية)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم لانسانية، جامعة السليمانية، 2016، ١٦، ص٧؛ سروە جلال حمە، ٢٠١٢، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧-٢٠٠٩)، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ٢٠١٢، ل6.

[6] پیمان مظفر صالح قادر ، ص١٤؛ محەمەد صالح عەبدولڕەحمان ، ٢٠٠٦، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێردا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای دێنشینی دا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.٢٠٠٦، ل ١٢-٤٤.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە ڕووباری زێی خوارووو و بەشێکی گرنگ لە ئاوی دەریاچەی دوکان پێک دێنێت. لەلایەکی تریشەوە، ڕووباری (چەمی چۆمان) سنوری نێوان شارباژێر و بانە لەلای باکووری خۆرهەڵاتەوە دیاریدەکات ئەمە جگە لە بوونی چەند وەرزە چەم و جۆگەیەک و سەدەها کانی و کاریزی تر لە ناوچە شاخاوییەکان و دۆڵ و دەشتەکانی شارباژێر.

شارباژێر ئاووهەوایەکی فێنکی هەیە، لە زستان و پاییزدا بۆ ماوەیەکی زۆر لوتکەکانی بەفری پێوەیە، ڕێژەی باران بارین بەرزترە لەچاو ناوچەکانی تری باشوری کوردستان جگە لە پێنجوێن کە بەرزترین ڕێژەی باران بارینی باشوری کوردستانی هەیە.[7] درەخت و میوە و ڕووەکی سروشتی جۆراوجۆری زۆر لە شارباژێر هەن، و چەندین جۆر ئاژەڵی سروشتی و باڵندە و درندە لە چیاکانی شارباژێر دەژین. دانیشتوانی لادێکانی زیاتر بە کشتوکاڵ و باخدارییەوە سەرقاڵن، و بە بڕێکی کەمیش ئاژەڵداری بەتایبەت ڕەشەوڵاخ بەخێودەکەن و پەلەوەریش بەشێکی گرنگ لە باڵندە ماڵییەکانی هەموو ماڵێکی لادێکانی شارباژێر پێکدێنێت.

لە ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی عوسمانیدا[8] ئاماژە بە جوگرافیای شارباژێر کراوە کە "ئەم قەزایە لە باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانییە لەناوچەیەکی شاخاویە و بەشێکی کێوی (ئەزمڕ) دەگرێـتەوە، ناوچەیەکی پڕ کانی و ئاو و سەوزاییە".[9] هەورووەها ئاماژە بەوەکراوە کە ئەم قەزایە ئاووهەوایەکی فێنک و سروشتێکی هەمەڕەنگی هەیە، خەڵکی ئەم ناوچەیەش کەسانی باش و بێ کێشەن.[10] تەنانەت بەڵگەنامەیەکی عوسمانیش لەمبارەوەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قایمقامی (بازیان) چووە بۆ شارباژێر و ئاووهەوای ئەوێی بەدڵ بووە، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت: "بۆ وەزارەتی ناوخۆی پایەبەرز... قایمقامی قەزای بازیان عەبدولقادر پاشا، لە کەش و هەوای بازیان بێزار بووە، ویستویەتی بگواسترێتەوە بۆ قایمقامییەتی شارباژێر."، لە 17/شوبات/ 1313 (1895)بۆ کەسێکیتر پێشکەشکراوە کە ئەمیش کەسێکی دیارە. 15/مارت/1314 (1897) عەبدولوەهاب: پارێزگاری موسڵ".[11]

ڕاستە ناوچەی شارباژێر ئاووهەوایەکی گونجاو و لەبارتر و فێنکتریی هەبووە بۆ ژیان، هەربۆیە قایمقامی بازیانیش هەوڵیداوە ئەمە بەدەرفەت بزانێت بۆ گواستنەوەی شوێنی کارکردنی خۆی و بێتە شارباژێر، بەڵام لێرەدا دەربڕینی (لە کەش و هەوای بازیان بێزارە) لەوانەیە زۆر پەیوەست نەبووبێت بە ژینگە سروشتی و جوگرافییەکەیەوە، بەو ڕادەیەی هێندەی پەیوەستتر بووە بە ژینگە پڕکێشەکەی قەزای بازیان کە ئەوکات چەقی قەزاکە و تەلارە کارگێرییەکەی لە قەڵا سپی ناوەڕاستی چەمچەماڵ بووە، چونکە زۆربەی بەڵگەنامەکانی سەردەمی عوسمانی دەربارەی قەزای بازیان باس لە شەڕ و هێرش و پەلاماری چەکدارانی هۆزەکانی هەمەوەندی و شوانی و هۆزەکانی تر بۆسەر سەربازان و لەشکری عوسمانی دەکەن، کە عوسمانییەکان بە چەتەگەری ناوی دەبەن، بەڵام بەشێکی کەمی پەیوەندی بە تاڵانی و چەتەگەرییەوە بووە و بەشێکی گەورەشی وەک خەباتکاری و یاخیبوونە لە داگیرکاری عوسمانی. لەبەرئەوەیە قایمقام دەزانێت کە ئەو بارودۆخە ناجێگیرە هەم بەو چارە ناکرێت و هەم مەترسی بۆ ژیانی خۆشی هەیە، بە بیانوی نالەباری ئاوهەواکەی دەیەوێت خۆی لە قەزای بازیان و چەمچەماڵ ڕزگاربکات. وەک دەزانین لە دوای گواستنەوەی پایتەختی بابان لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی، شارباژێر هێزێکی مرۆیی و ئابوری و شارستانی گەورەی لەدەستدا، و هەر لە سەردەمی شەست و پێنج ساڵەی فەرمانڕەوایی بابانی دوای چۆڵکردنی قەڵاچوالانیشدا کە سلێمانی بووە پایتەخت لە ساڵی ١٧٨٤تا ڕووخانی میرنشینی بابان بەدەستی عوسمانییەکان لە ١٨٥١ دا، قەڵاچوالان و شارباژێر ئەو کاریگەرییە سیاسیی و مرۆییەی جارانی سەردەمی پایتەختبوونی قەڵاچوالانی نەمابوو، لەبەرئەوە شارباژێر لەدوای ١٨٥١ وە لە چاو بازیان و چەمچەماڵدا ئارامتربوو.

---

[7] محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر، (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١٥، ل.٢٩-٦٥.

[8] ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی عوسمانی: یەکێکە لەو سەرچاوە ڕەسەنانەی کە زانیاری زۆر گرنگی دەربارەی زۆربەی شارە کوردییەکان تۆمارکردوون. ئەم زانیارییانە دەکرێ بکرێنە سەرچاوەی توێژینەوەی هەمەلایەنە لەبارەی شارەکان.. ساڵنامە زاراوەیەکی لێکدراوی عوسمانییە لە دوو وشە پێکهاتووە، ئەوانیش ساڵ و نامە، کە لەزمانی کوردیش دا هەمان واتە دەبەخشن. هەندێجار عوسمانییەکان زاراوەی تەقویمی ساڵیان بەکارهێناوە، دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1847 ساڵنامەی دەرکرد. کە دواتر ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانیش لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتن و ساڵنامەی تایبەت بەخۆیان دەکرد، کە زانیاری کارگێری و جوگرافی و مێژوویی و ئاوەدانی و ئابوری لەبارەی ویلایەتەکانەوە لەخۆی گرتووە. ساڵنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی جۆراوجۆر بوون، ساڵنامەی دەوڵەت و وەزرارەت و ویلایەتەکان و ساڵنامەی معاریف (زانستی) هەبوون. (بختیار سعید محمود، "قەزای کۆیە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ و کتێبی قاموس الأعلام"، (کۆنفڕاسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا / زانکۆی کۆیە)، ( هەولێر: چاپخانەی شەهاب، 2019)، 99.

[9] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.

[10] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.

[11] A. (291) DVNSMHM_00024_00129}
بۆ بینینی وێنە و دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (دوو).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەم قەزایە لە خۆرئاوایەوە ڕاستەوخۆ هاوسنورە لەگەڵ سلێمانی و تەنها چیاکانی ئەزمڕ و گۆیژە لە شاری سلێمانی جیایدەکاتەوە. کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی، لەدوای پوکانەوەی قەڵاچوالانی کۆنە پایتەختی بابان، ناوەندی ئەم قەزایە چەند جارێک گۆڕاوە، سەرەتا شیوەکەڵ (شیوەگڵ) بووە، دواتر سیتەک و پاشان کەنارو و ماوەت و (واژە؟) و دواتریش لە دێی (سنگ – سیتەك)[12] تا سەردەمی ئینگلیز و ئێدمۆنزی فەرمانڕەوای ئینگلیز کە چوارتای هەڵبژارد. میوە و بەرهەمەکانی ئەم قەزایە بۆ سلێمانی دەنێردرا، تەنانەت سلێمانی بۆتە بازاڕێکی باش بۆ بەروبووم و میوەی شارباژێڕ. دێی (سیتەك)، دێیەکی ئاوەدان بووە و دام و دەزگا و فەرمانگەی میری تێدا بووە، بەتایبەتی فەرمانگەی تەلەگراف[13] و شوێنی هێزی سوپای دەوڵەتی عوسمانی لێ بووە.[14] هەر لەم دێیەدا حەفتا ماڵ و مزگەوتێك و چەند دوکانێکی تێدا بووە.[15] ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە، کە قەزاری شارباژێڕ ناوچەیەکی گەشەکردوو بووە چ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان بوبێت، یاخود لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان بوبێت لەناوچەکەدا.

**سێیەم: کورتەیەکی مێژوویی شارباژێڕ**

کاتێک بابانەکان شارباژێڕ و قەڵاچوالان[16] ئەکەنە پایتەختی میرنشینەکەیان بەشێک لە هۆکارە سروشتی و جیۆسیاسییەکانی پشت ئەم بڕیارە هاوشێوەبوون لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر و لەقوڵایی مێژووی شارباژێڕدا دێرینترین گەلی ناوچەکەش کە لوللوبییەکان بوون هەمان ناوچەیان کردە بنکەی سەرەکی خۆیان و پایتەختەکەشیان کە شاری ئارراکدی بوو هەر لێرە لە شارباژێڕ بنیاتنرا. هەر لە نووسینە مێخییە دۆزراوەکەی سیتەک دا ناوی شاری ئارراکدی هاتووە.[17] لەسەردەمی هێرشەکانی پاشای ئاشوری ئاشورناسرپاڵی دووەم (٩١١-٨٥٨پ.ز.)دا شاری ئارراکدی پایتەخت و ناوجەرگەی هەرێمی وڵاتی زاموا/مازاموا بووە، ئەم پایتەختە دەکەوتە بناری چیای لارا، کە ئێستا پێی دەوترێ چیای لەرێ لە خۆرهەڵاتی چوارتا.[18] ئەمە جگە لەوەی کە باوەڕ وایە ناوی دەوڵەتە شاری خامازی پەیوەندی بە ناوی دێی خەمزەی شارباژێڕی سەر چیای ئەزمڕەوە هەبێت پایتەختی دەوڵەتە شارێکی دێرینی ناوچەکە بووە.[19] لەکاتێکدا لە نووسینە مێخییەکانی سەردەمی ئاشوری نوێ لە سەدەی نۆیەمی

---

[12] İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ, ve Hacı Osman YILDIRIM, (MUSUL – KERKÜK İLE İLGİLİ ARŞİV BELGELERİ 1525 – 1919), (Ankara: 1993), 34.

[13] تەلەگراف لەم سەردەمەدا وەک هێڵی تەلەفۆن وابووە و ستوون و کۆڵەکەی تەختەی بۆ دانراوە و پەیوەستکراوەتەوە بە سلێمانی و کەرکوک و بەغداوە، هەندێک کات بۆ دژایەتی دەوڵەتی داگیرکەری عوسمانی ئەم ستونانە تێکدەدران و، هەندێک جاریش وەک تاڵانی ستونەکان بۆ کۆڵەکە یان بۆ سوتاندن هەڵدەکەندران و دەبوونە هۆی پچڕانی پەیوەندی کارگێری نێوان شار و قەزاکان، بەڵام ئەمە لە شارباژێڕ ڕوویدەداوە، لە قەزای بازیان کە ئەوکات ناوەندەکەی لە چەمچەماڵ بووە ئەوە ڕوویداوە (ڕەحمان و باجگر، ٢٠١٨، ل.٢٣).

[14] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 322.

[15] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.

[16] قەڵاچوالان ناوی کۆنە پایتەختی بابانە و کە ئێستاش وەک لادێیەک ئاوەدانە، ناوی قەڵاچوالان، لە ناوی ئەو قەڵایەوە هاتووە کە بابانەکان دروستیان کردبوو، ئەو قەڵایە تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووش شوێنەواری مابوو و هەردوو شوێنەوارناسی عێراقی تەها باقر و فؤاد سەفەر باسیان کردووە.( باقر و سفر، ١٩٦٥، ص٣٦). ناوی قەڵاچوالان دوو بڕگەیە: (قەڵا+چوالان)، چوالە میوەیەکی بەهارەیە و کە بەرەکەی وشک ئەبێت پێی ئەڵێن (بایام) و لە هەندێ شوێن پێی ئەڵێن (چوالە باوی)، لە شێوەزاری شارباژێڕدا زۆر ناوی شوێن و شت کۆ دەکرێتەوە و پاشگری (ان)ی بۆ زیاد دەکرێت بۆ نمونە (چوالان) کۆی درەختەکانی چوالەیە، واتە لەو شوێنە درەختی چوالەی زۆری لێ بووە، نمونەی تریش هەن، (ڕەزان) کۆی باخە مێوی ترێ یە، (چەمان) دوو چەم یان زیاترە، دێ و ناحەیەی زەلان کە ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی قەڵاچوالانەوە بە ناوی ڕووەکی (زەل)ەوە ناوندراوە کە لەم بەر و ئەوبەری ڕووبارەکەدا بە چڕی دەبیندرێت. لەبەرئەوە ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە دەیەویسترێت قەڵاچوالان بکاتە قەرەچۆڵان و لە تورکی نزیکی بکاتەوە، چونکە ناوەکە پەیوەندی بە (قەرە)ڕەشەی تورکی و (چۆڵ)ی کوردییەوە نییە، دوو دەیە پێش دروستکردنی سلێمانی و پێش چۆڵبوونی قەڵاچوالانیش کە پایتەختی بابان بوو و شارێکی درەوشاوەی ناوچەکە بوو لەم کاتەدا گەڕیدەی ئەڵمانی کارستن نیبور(نیبوەر) لە ساڵی ١٧٦٥ ز. هەر بە قەڵاچوالان تۆماری کردووە. (نیبور، ١٩٦٥، ص٧٥).

[17] Radner, K., “A Neo-Assyrian Legal Document from Tell Sitak.” In: Heffron, Y., Stone, A. & Worthington, M. (eds.), At the Dawn of History: Ancient Near Eastern Studies in Honour of J. N. Postgate (Winona Lake), 2017, p.428f.

[18] دڵشاد عزیز مارف زاموا،("شوێنەوار و ناوی شارە کۆنەکانی ژێر شاری سلێمانی لەبەر ڕۆشنایی تۆمارە مێخی و کلاسیکی و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا،" گۆڤاری توێژەر، بەرگی 4، 2021، ژمارە ١، ل٥٤٧-٥٨٨.

[19] دەبێت ئەوەش ئاماژەپێبدەین کە بۆچوونی تریش هەن کە خامازی بە پایتەختی وڵاتی سوبارتو دادەنێن و هەندێک ئەم شارە دەبەنەوە ئەوبەری پردێ و خۆرئاوای ڕووباری زێی خواروو لە نێوان هەولێر و کەرکوک، بۆچوونێکی تریش ئەوەیە کە لەوانەیە دوو شاری خامازی هەبووبێت و یەکێک لەوڵاتی لوللوبییەکان بووبێت وئەمەی خەمزەبووبێت و ئەوەی تریشیان هی وڵاتی سوبارتو.( K. M., Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis*, PhD dissertation, Leiden


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پ.ز. لوتكەكانی چیای ئەزمڕ-گۆیژە بە ناوی چیای (ئازیڕو) ناوی تۆماركراوە. یەكێک لەو ئەگەرانە ئەوەیە كە دەوڵەتە شاری خامازی كە هەندێک جاریش بە خامزێ/خەمزێ تۆماركراوە و لە تۆماری لیستی پاشایانی سومەریدا وەک دەوڵەتە شارێكی هێندە بەهێز باسكراوە كە توانیویەتی هێرش بكاتە سەر (دەوڵەتە شاری كیش)ی سومەری لە باشوری مێسۆپۆتامیا و دەسەڵات و پاشایەتی هەموو ناوچەكە بۆخۆی بەدەستبێنێت، هەرچەندە دواتر سومەرییەكان لەسەردەمی دەوڵەتە شاری ئوروک(وەركا) هێرش دەكەنەوە سەر خامازی و دەسەڵاتی پاشایەتی سومەری دەخەنەوە ژێر دەستی خۆیان، بەڵام دوای هەزارساڵێكی تریش لە سەردەمی بابلی كۆندا هەر خامازی ناوی دەمێنێ.[20]

ناوی دێ و چیا و ڕووبار و دۆڵەكانی شارباژێڕ بەشێكیان ناوی كوردی ڕەسەنن و هەندێكیان بە ناوی كەسایەتی و ئاوەدانكەرەوەی لادێكانەوە یان بە ناوی سروشتەكەیەوە ناونراون، بەڵام بەشێكی تریان ناوەكانیان زۆر دێرینن و پەیوەستن بەو ناوانەی كە لە زمانی لوللوبییەكانی خەڵكی ڕەسەنی ناوچەكەوە بە میرات ماونەتەوە و گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە. ئەوەی تایبەتە بە سەردەمی ئەم توێژینەوەیەوە، هەندێک ناون كە عوسمانییەكان گۆڕیویانن بۆ ناوی توركی. و هەندێک ناوی تریش پەیوەندی بە سەربازگە و قەڵاكانیانەوەیە هەیە، بۆ نمونە (قشڵاخ) كە قەڵایەكی سنوری دێی واژە بوو لە سەر ڕووباری قەڵاچوالان لە نزیک شاخە سور، دواتر بووە ناوی یەكێک لەو دێیانەی نزیک (شاخەسور)ە كە لە خۆرئاوای دێ(كۆنەشار)ی قەڵاچوالان و لەبەری خۆر هەڵاتی چەمی قەڵاچوالانە و لە سنوری خۆرئاوای دێی واژە، قشڵاخ لە زمانی توركی عوسمانیدا بە قەڵایەكی كاتی سەربازی دەوترێت، كە سەربازەكان بە خۆیان و چەک و تفاق و ئەسپ و ئێسترەكانیانەوە بەشێوەیەكی كاتی تێیدا دەمانەوە، هەندێک كاتیش بە قەڵایەكی بچووكی سەربازی دەوترا قشڵاغ.[21] ئێستا شوێنەوارێكی ئەو قشڵەیەی دێی قشڵاخ نەماوە، چونكە ماڵەكانی دێیەكە بەشێكیان لەسەر ئەو بەرزییە دروستكراون كە لەوانەیە قشڵەكەی لەسەر دروستكرابێت. هەڵكەوتەی شوێنێ قشڵاخ گرنگە، چونكە كەوتووەتە سەر ئەو ڕێگە بازرگانییانەی كە لە كۆندا لە شاری بانە و سەردەشت و پشدەر مەرگە و دۆڵی جافایەتییەوە بەرەو قەڵاچوالان و سلێمانی دەهاتن و دەڕۆیشتن.[22]

لەم سەردەمەدا ناوی ژمارەیەک دێی ناوچەی شارباژێڕ لەلایەن عوسمانییەكانەوە بە توركی كراون بەتایبەت دێیەكانی سنوری دۆڵی جافایەتی بۆ نمونە (چۆخماخ، یاخسمر، یاڵانقۆز...)، نازاندرێت ئایا ئەم بە توركی كردنی ناوانە، ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی ناوەكان بوون بۆ زمانی توركی یان نزیككردنەوەی دەنگ و گۆكردنی ناوەكان بوون لەو ناوە توركییانەی كە نزیكی واتای ئەم ناوانەیان هەبووە؟ بێگومان ئەم سیاسەتی بە توركی كردنە بە ئاڕاستەی مێرگەپان و بازیان و ئاغجەلەر زیاتربووە و زیانێكی زۆری زمانەوانی و مێژوویی لە كەلتوری ناوچەكەداوە، چونكە لە ئەنجامی ئەم ناو گۆڕینانەدا دەیان ناوی شوێنی دێرین یاخود ناوی كوردی ڕەسەن لەناوچوون كە دەكرا سودیان لێببیندرێت بۆ ساغكردنەوەی ناوی ئەو ئاوەدانییە كۆنانەی كە لە تۆمارە مێخییەكان و تۆماری سەردەمەكانی دواتردا ئاماژەیان پێكراوە.

یەكێک لە گرنگترین دۆزینەوە شوێنەوارییەكانی شارباژێڕ دۆزینەوەی شوێنەوارەكانی قەڵای سیتەكە كە ئەم قەڵایە وەک ئاوەدانییەک هەر لە سەردەمی لوللوبییەكانەوە لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایین ئاوەدان بووە و نووسینێكی مێخی لەسەر تاتەقوڕێک تێدا دۆزرایەوە كە باس لە فرۆشتنی باخێک دەكات لەگەڵ ناوهێنانی ژمارەیەک شایەت كە لە چەند شار وئاوەدانییەكی ئەو سەردەمەی شارباژێڕەوە ئامادەی تۆماركردنی ئەو گرێبەستە بووبون، هەر لەم شوێنەدا دوای سەردەمی لوللوبییەكان، لەسەردەمی میدی و هاخامەنشی و ساسانییەكانیشدا قەڵاكە بەكارهێندراوە.[23]

---

University, (unpublished), 2012,p. 62-64; Bonechi, M., 1993, I nomi geografici dei testi di Ebla, RGTC 12/1, Wiesbaden, p.223).

[20] K. M., Ahmed, p.62.

[21] (https://turki.cagdassozluk.com/osmanlica-sozluk-madde-21441.html?fbclid=IwAR2axFmQwziP-Zd7sdh6E85mhrR8RQQvaN_ySly8IpwJ4F5Bba6b-5VwQHw)

[22] ئەم ناوە لە زمانی كوردیدا هەر لە توركییەكەوە وەرگیراوە و پێی وتراوە (قشڵە)، وەک قەڵاكەی گردی دەبۆكە كە پێشی دەوترا قەڵای مەحمود پاشای بابان، لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان عوسمانییەكان ئەو قەڵایەیان بەكارهێنا و ناونرا قشڵە، هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەر پێی دەوترا گردی قشڵە. گردەكە بۆخۆی گردێكی شوێنەواری بوو. زاموا،٢٠٢١، ل555-565.

[23]Saber, S. A., et al., (2015), “REPORT ON THE EXCAVATIONS AT TELL SITAK: THE 2010 SEASON,” Iraq, Vol. 76 (2014), pp. 205-229. p.205-229 ; Radner, K., p.428f.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ئەگەر بێت و لە ناوەڕۆکی لایەنی کارگێڕی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالان و دواتریش لە سلێمانی بڕوانین، بەتایبەت لە ڕووە ئابوری و سیاسییەکەیەوە، دەبینین کە ئەم میرنشینە چەندێک ڕۆم و عەجەم زیانی پێگەیاندووە و مەترسی بوون بۆ سەر قەوارەکەی، چەند هێندە میرانی بابان، براکان و ئامۆزاکان مۆتەکەی دەسەڵاتی تەختی میرایەتی بابان و نازناوی ئەو پاشا(باشا)یەتییە بوون کە لە بەغداوە بە فەرمانی والی عوسمانی بە میری بابان دەبەخشرا. ئەمین زەکی بەگ بە کورتی و لە چەند دێڕێکدا باس لەم بارودۆخە نالەبارە دەکات کە چۆن برا و برا و ئامۆزاو ئامۆزا دژی یەکتر لەشکری ڕۆم و عەجەمیان هێناوەتە سەریەکتر بۆ زەوتکردنی تەختی میرایەتی بابان لە یەکتر.[24]

گەڕیدەی ئەڵمانی کارستن نیبور (نەیبوەر Niebuhr) کە پاشای ئەوکاتەی دانیمارک ناردبووی بۆ خۆرهەڵات، لە ساڵی ١٧٦٥دا لە بەغداوە بەرەو کەرکوک و هەولێر و موسڵ بەڕێدەکەوێت، دەنووسێت:

"جارێ نەگەیشتوومەتە کوردستان و ئەم هەواڵانەم لە ویلایەتی بەغداوە دەربارەی کوردستان بیستوون،...قەرەچولان (Kolla Djsolan) کە فراوانترین ناوچەیە لە وڵاتی کوردستان کە لە ژێر دەستی سوڵتاندا بێت، میری سۆران(Suran)[25] فەرمانڕەوایی دەکات و یەکێکە لە لقەکانی هۆزی بەبە(بابانBobbe) و بە سەرۆکەکەیان ئەڵێن پاشا، و لە پلەی پاشایەتیدا جیاوازی نییە لە نێوان ئەم و دوو پاشا کوردەکەی تردا[26]، چونکە پلەی پاشایەتییەکەی بە فەرمانی پاشای بەغداد بە یەک فەرمان و پلەیەک کەمترە لە پلەی (بەگ)ێتی کە سوڵتان بە یەک فەرمان دەریدەکات. ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی (بابان) لەسەر ئەم پلەی پاشایەتییەی (کە والی بەغدا دەیبەخشێت) لە کێبڕکێدان و لەبەرئەوەی پاشا هەر لەم بنەماڵەیە دیاریدەکرێت، بەڵام پارەیەکی زۆر دەدرێت بە پاشای بەغداد لەلایەن ئەو (بابانییەی) کە بە پاشا دیاریدەکرێت." پاشان نیبوەر دەڵێت: "مرۆڤ ئەتوانێت لەوە تێبگات کە دەبێت ئەو ڕەعیەتە لە چەوسانەوەی دووسەرەی فەرمانڕەوایی ستەمکاری تورکەکان و نادادی (بابانی)لەسەر کوردانی قەڵاچوالان و ناوچەکەی چەشتوویانە....هەر لەبەرئەوەشە کە لەم ناوچەیە هیچ شار و شارۆچکەیەک نییە، و قەڵاچوالان خۆشی لادێیەکی بچوکی هەژارە. ئەگەر بمانەوێت باس لە ڕەوشتی گەلێک بکەین، ئەوا کوردەکان نمونەی تۆڵەکەرەوەن و یەکێکیان لێبکوژرێت هەر دەیکوژنەوە. پێش ئەوەی بگەمە موسڵ (هەواڵم بیست) کە (مەلا)یەک لە قەڵاچوالان شەو ماوەتەوە و پاشای (بابان)ی لە خەودا سەربڕیوە، چونکە براکەی لەلایەن (پاشای بابانی)یەوە لەسێدارە درابوو."[27]

بێگومان هەموو ئەمانەی نیبوەر تۆماریکردوون تەنها لە بەغدا و موسڵ دەربارەی دەنگوباسی شارباژێر و بابانەکان بیستوونی و خۆی هیچیانی نەبینوە، واتە وەک گەڕیدەیەک دیدی ئەوانەی تۆمارکردووە کە بۆچوون و هەڵوێست و پێناسەیان بۆ میرنشینی بابان و کوردی ناوچەکە هەبووە، ئەمەش بە دەرنییە لە خەوش و زیادەڕەوی لە خراپ باسکردندا و ناکرێت وەک بەڵگەیەکی مێژوویی ڕەها بەکاریبهێنین، بەڵام لە ڕاستیشیان تێدایە.

هەروەها گەڕیدە و نوێنەری ئینگلیز لە بەغدا کڵاودییەس جەیمس ڕیچ(Claudius James Rich) کە خۆی لە ناو دیوەخان و کۆشکی میرانی باباندا لە سلێمانی ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە هەمان بابەت پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت میرانی بابان هەموو پەیمانیان بەیەکتری دابوو کە هیچ نامەیەکی شای ئێران وەرنەگرن، بەڵام وادیارە یەکێک لە ئامۆزاکان ئەم پەیمانە دەشکێنێ و مەیلی بۆ لای شای عەجەمە نەک سوڵتانی ڕۆم.[28]

گومانی تێدانییە هۆکاری سەرەکی ڕووخانی میرنشینی بابان ناکۆکی نێوان میرانی بابان خۆیان بوون. و ئەمەش دواجار وایکرد کە میرنشینەکە لەلایەن لەشکری ڕۆمەوە لە ساڵی ١٨٥١ز. بە تەواوەتی کۆتایی پێبهێندرێت و میرنشینەکە بخرێتە سەر ویلایەتی موسڵ و شارباژێریش سەر بە سەنجاقی سلێمانی بێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین کە ڕۆم و عەجەم هەردەم لە هەوڵی لاوازکردنی هەردوو میرنشینی بابان و سۆراندا بوون، میر محەمەد نامەیەک بۆ سوڵتان مەحمودی دووەمی عوسمانی دەنێرێت و تێیدا باسی هێرشی عەباس میرزای کوڕی شای قاجار فەتح عەلی شا و حسێن عەلی خانی برای بۆ سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی میرنشینی

---

[24] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە هەتا ئیمڕۆ، ، سلێمانی، 2006، بنکەی ژین، ٢٧٨.

[25] لێرەدا کارستن نەیبوەر بە هەڵە نووسیویەتی میری سۆران، دەبوو بنووسێت میری بابان.

[26] لەوانەیە مەبەست لە دوو پاشا کوردەکەی تر میرەکانی میرنشینی سۆران لە رواندز و و میرنشینی بادینان لە ئامێدی بووبێت.

[27] كارستن نيبور، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة: محمود الامين، بغداد، 1965،ص ٧٤.

[28] Rich, Cladius James, Narrative of a residence in Koordistan: and on the site of ancient Nineveh; with journal of a voyage down the Tigris to Bagdad and an account of a visit to Shirauz and Persepolis, 1860, p. 140-160.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


سۆران و بابان دەکات کە چۆن سوپای عەجەم پەلاماری لادێ و شارۆچکە کوردییەکان دەدەن و دەیان سوتێنن و زیاتر لە ٥٠٠ کچ و ژن و منالیان بە تالانبردوون، لە نامەکەدا ناوی چەندین ناوچە لە زەهاو و قەرەداغەوە هەتا ناوچەکانی بالەکایەتی هاتووە، لە نێوانیاندا ناوی قەلاچوالان هاتووە، نامەکە جگە لە مۆری میر محەمەد مۆری ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆزەکانی باشوری کوردستان هاتووە.[29] وەک دەبینین هەستی نەتەوایەتی میر محەمەد وایکردووە کە هێندەی سنوری قەلەمڕەوەکەی خۆی پشتگیری لە کوردەکانی سنوری قەلەمڕەوی بابانیش بکات، بەلام دوژمن هەردەم لە هەولی پەرتکردنی هەلوێتیی میرەکانی کوردستاندابوون.

**چوارەم/ دانیشتوانی شارباژێر:**

دانیشتوانی ئەم قەزایە بەتەواوی کوردنشینن، باس لە دانیشتوانی ناوچەکە و هەندێک لە لادێکانی شارباژێر لەم تۆمارە عوسمانییانەدا هاتووە، بۆ نمونە دێی شیوەکەڵ کە بە شێوەی(شیوەگل)تۆمارکراوە، کە لەوکاتەدا گەورەترین دێی ئەم قەزایە بووەوە و دانیشتوانی ئەم دێیە سەر بە "عەشیرەتی" (شیوەگل)بوون، و سەرۆکی هۆزەکەش لەم دێیە دادەنیشت.[30]

هەروەها لە بەشێکیتریشی بەلگەنامەکاندا باسی پەلاماری پشدەرییەکان بۆ سەر شارباژێر کراوە.[31] هەروەها بەلگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بە ناوی چەند دێیەکی تر دەکەن لە قەزای شارباژێر، یەکێك لەوانەش دێی باری سفلا(بارێی خواروو) ، هەروەها ئاماژە بە دێی کرماد کراوە، هەروەکو لە ناوەڕۆکی بەلگەنامەکەدا دەلێت:" بۆ وەزارەتی ناوەخۆ... وەلام، کانونی دووەم/1329(1911)، فەتاح ئاغای خەلکی دێی باری سفلا (بارێی خواروو)[32] لە قەزای شارباژێر، کە لەلایەن کەریم کوڕی ئیسماعیل لە دێی کرماد لە بانە هەلخەلەتێنراون، هەربۆیە پیاوەکانی فەتاح ئاغا لە دێی باری سفلا(بارێی خواروو) و باپیرە و سور و یاری[33] دا کراون بە موختار و فەرمانیان بۆ دێی کرماد[34] دەرکردووە، دوو کەسیش بەناوەکانی ئەمین و حەمەسور هەلساون بەکوشتنی چەند کەسێك، کە بۆ ئەم هەوالەش متەسەریفییەی سلێمانیان ئاگادار کردۆتەوە. 15/کانونی یەکەم/ 1329 (1911) والی موسل: نضیف".[35]

هەروەها لە بەلگەنامەیەکیتری عوسمانیدا ئاماژە بە ناوی دێی (قامیش) دەکات، کە تیایدا چەند ڕووداوێك ڕوویداوە، هەروەکو دەلێت" بۆ وەزارەتی ناوەخۆی پایەدار/ ویلایەتی موسل / نوسینگەی تایبەت/ بەرێز جەنابی وەزیر.. ئەمەی دەیبینن وەلامی جەنابی وەزیرە لە فەرمان نامەی ژمارە 48ی بەرواری 13/ حوزەیران/ 1317 (1899)، دانیشتوی دێی (قامیش) لە قەزای شارباژێر، کە لە لایەن دانیشتوانی دێی (زرود/زەرون)ەوە هێرشیان کراوەتە سەر، بەلام بەهۆی گروپە چەکدارەکەی ئەمین بەگ و بە هاوکاری هێزی سەربازی دەولەتەوە توانراوە بەرپەچی ئەم هێزە بدرێتەوە، ئەگەرچی دووبارە ئەم هێزە لە پشدەرەوە هێرشیان کردۆتەوە سەر دێی قامیش و چەندین کوشتن و برین و تالانکاری لەناوچەکەدا ڕویداوە، هەر بۆیە بەمەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە بوونەوەی ئەم کردەوانە، بە پێویست زانراوە مەفرەزەیەك لە پۆلیسی دەولەت لە دێی قامیش بمێنێتەوە و بۆ ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەك بۆ متەسەریفیەی سلێمانی نێدراوە و پێداویستییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تاوان و دەستدرێژییەك بۆ پۆلیس و فەرماندەکانی ناوچەکە دابین کراوە، ئەمڕۆ فەرمان لەخاوەنشکۆوەیە.

24/جەمادی یەکەم/ 1319 - 24/ مایس/ 1317 (1899) وەکیلی والی موسل و فەرماندەی وەزارەت: سەید محەمەد فائق".[36]
خودی ئەم ڕووداوانە و هاتنی ناوی دێکانی شارباژێر لەو سەردەمەدا، بەلگەی بوونی کارگێڕییەکی تۆکمە بووە کە شارباژێر و سلێمانی لەو سەردەمەدا پێکەوە بەستراونەتەوە، لەلایەکی ترەوە دێی قامیش وەک دێیەکی سنوری نزیک لە بانە و پشدەر و نزیک لە دەربەندێک کە ئەم ناوچانە بەیەکەوە ئەبەستێتەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە کێشەی زۆری بۆ دروستببێت، هۆکارێکی تریشی پەیوەندی بە بوونی کاروانسەرا و بازارەکانی کاروانچییان بووە کە لە نزیک دێی زەرون بوون.

---

[29] یوسف،(٢٠٠٥)، ل.٢٧-٣٣.
[30] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 331.
[31] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.
[32] لێرەدا بە عەرەبی نووسیویانە باری سفلا(باري سفلى) واتە بارێی خواروو.
[33] لێرەدا مەبەست لە ناوی دێی (یاریَ) واتە (باریَ)ی ئەمڕۆیە و مەبەستیشی هەمان شوێنە.
[34] لێرەدا ناوی دێی (کرماد) لە سنوری بانەدا نادۆزینەوە، یەکێک لەو دێیانەی کە بە ئاراستەی باریَ و بانەیە دێی (ئارمردە)یە جا نازانین مەبەست لە دێی (کرماد) لە سنوری بانە، هەمان ئەم دێیەیە کە ئێستا پێی ئەلێن (ئارمردە)؟.
[35] DH_EUM_EMN__00043_00013_001_001.
بۆ بینینی دەقی بەلگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (سێ).
[36] DH_TMIK_M___00113_00029_001_001.
بۆ بینینی دەقی بەلگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (چوار)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

له ساڵانی 1325ك (1907ز) و 1330ك (1912ز) دا شارباژێر ناحیەیەكیشی هەبووە بەناوی (ماوەت) كە ئەم ناحیەیە 36 دێی هەیە و  هەروەها قەزای شارباژێریش 89 دێی هەیە، هەربۆیە سەرجەم لادێكانی ئەم قەزایە بریتی بوون لە 125 لادێ.[37]

لەدوای نەمانی فەرمانڕەوایی بابانەكان لە 1851 بەدواوە و ڕووخانی میرنشینەكە قەزای شارباژێر لە دەوڵەتی عوسمانیدا خرایە  سەر سەنجاقی سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، كە ژمارەی دانیشتوانی هەموو سلێمانی لە نێوان ساڵانی 1881-1882 تاكو ساڵی 1893 بریتی بوون لە (124790)كەس، ئەویش بە خەڵكی شارباژێر و پاشماوەی بابانەكان و هۆزەكانی شارباژێر و جاف و دانیشتوانی مەرگە، و گوڵعەنبەر (خورماڵ و هەڵەبجە و هەورامانی  ئەمڕۆ) و قەرەداغ.[38] كە تەنها ژمارەی دانیشتوانی شارباژێر لەم كاتەدا (5330)كەس بوون، كە هەموویان موسوڵمانی سوننە مەزهەب بوون.[39]

**پێنجەم/ پێكهاتەی كارگێری قەزای شارباژێر:**

پێكهاتەی كارگێری لە دەوڵەتی عوسمانیدا پێكهاتبوو لەویلایەت، سەنجاق، قەزا، ناحیە، گوند(دێ). ئەوكاتیش شارباژێر قەزایەك بووە لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانی، هەروەها سلێمانیش سەنجاقێك بووە سەر بە ویلایەتی موسڵ، هەربۆیە چەند پۆست و یەكەیەكی كارگێڕی عوسمانی لە شارباژێردا هەبوون، لەسەرەتادا شارباژێر بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی لە چوارچێوەی ئەیالەتی شارەزور، ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوكاتە سلێمانی سەنجەقێك بووە سەر بە ویلایەتی شارەزوور، هەروەها سروجك(سرۆچک) قەزایەك بووە سەر بە سەنجەقی سلێمانی، لەكاتێكدا لە ساڵانی دواتر سروجك(سرۆچک) بۆتە بەشێك لە قەزای شارباژێر، لەم كاتەش دا داهاتی سروجك(سرۆچک) بریتی بوو لە (34562) قروش، هەندێكاتیش بۆتە (120000) قروش.[40] بەڵام لە سەردەمانی پێشوودا هەم قەزای شارباژێر و هەمیش سرۆچك وەكو دوو سەنجەقی سەربەخۆ وابوون سەر بە ویلایەتی شارەزوور، بۆ نمونە گەریدەی ناوداری عوسمانییەكان كاتب چەلەبی، كاتێك باسی سەنجەقەكانی ویلایەتی شارەزوور دەكات، ئەوا بە (20) دانە سەنجەق هەژماریان دەكات، كە بریتین لە: ئەربیل، سروجك، هەزارمێرد، مەركەوە، ئاجور، كوشاف، شارباژێر، باقی، نیلتاری، سیلبەرجین، ئەبرومان، داودان، برند، بیلكاس، جبل حمرین، دولهران، هەریر و روودین، قەڵای غازی.[41]

---

[37] Cengiz Cengiz, Murat BABUÇOĞLU, Orhan ÖZDİL, OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL, (Ankara: 2005), 212. 315 ،1330 سالنامەء ویلایت موصل
[38] İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ,..ve Hacı Osman YILDIRIM, 35.
[39] İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ,..ve Hacı Osman YILDIRIM, 36.
[40] İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ,..ve Hacı Osman YILDIRIM, 153.
[41] خليل علي مراد، الكرد وكردستان في كتاب (جيهان نوما) لكاتب جلبي، اربيل، مطبعة حاجي هاشم، 2013، ص41.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەولیا چەلەبی[42] لە کتێبەکەیدا بەناوی (سیاحەتنامە)[43] ئاماژە بە ژمارەی لیوا (سەنجەق)ەکانی ئەیالەتی شارەزوور دەکات، کە ئەو لەجیاتی دەستەواژەی سەنجاق، دەستەواژەی لیوا بەکاردێنێت و باسی لیوای شارباژێر (شەهری بازار)[44] دەکات، ئەولیاچەلەبی پێی وایە لەسەرەتای سەدەی 17ی زاینی دا ئەیالەتی شارەزوور بریتی بوو لە 20 سەنجاق،[45] کە سروجك(سرۆچک)[46]یش وەکو سەنجاقێك هەژمار کراوە، کە سەنجاقەکان بەگشتی بەمشێوەیە بوون: هەولێر، عەجول، کشاف، بنگولە، شەهربازار، برمان، جبل حەمرین، ماوەران، هەزارمێرد، باف، دلجوران، برند، مەرکاوە، بلقاص، حریر و رودین، ئوشنی، بیل و تاری، قەڵای غازی

[42] ئەولیا چەلەبی: ئەم گەریدە عوسمانییە ناوی (ئەولیا کوری دەرویش موحەممەد زللی) لە بنەچەدا خەڵکی شاری کوتاهیە یە، لە 10 ی موحەڕەمی ساڵی 1020ك / 1611ز لە خانووە وەقفەکانی (ساغجلەر) لە ئون قابی لە ئەستانبوڵ لەدایکبووە. سەبارەت بە کات و شوێنی کۆچی دوایی ئەولیاچەلەبی بۆچوونی جیاواز هەیە لەنێوان نوسەراندا، هەندێکیان دەڵێن ئەولیا لەتەمەنی 71 ساڵی و لەساڵی 1682 لە ئەستانبوڵ کۆچی دوایی کردووە، هەندێکیتر دەڵێن لەو کاتەی کە لە میسر دەگەڕایەوە لە ساڵی 1682 کۆچی دوایی کردوە، هەندێکیتر دەڵێن لە ساڵی 1684 کۆچی دوایی کردوە و بەشداری ئەو گەمارۆیەی دەوڵەتی عوسمانی کردوە کە بۆسەر شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا ئەنجام دراوە.بۆ زانیاری زیاتر بروانە:

Martin van Bruinessen, Hendrik Boschten, EVLİYA ÇELEBİ IN DIYARBEKIR, (Brill: Volume I , 1988), 7; Mehmet AKBAŞ, Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan, Artuklu Akademi - Journal of Artuklu .4Academia 2015/2(1),

[43] سیاحەتنامە: ئەم کتێبە پێکهاتووە لە 10 بەرگ کە تیایدا هەمو روداوە مێژوویی و کۆمەلایەتی وسیاسی و دینییەکانی سەردەمی خۆی و هەندێ روداوی پێشی باسکردوە، ئەم کتێبە لەماوەی زیاتر لە 40 ساڵی گەڕانی ئەولیاچەلەبی لەسەرجەم ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی لەم کتێبەیدا یاداشتیکردوون، هەرچییەکی بەچاوی خۆی بینیبێت لەم کتێبەیدا زۆر بە وردی زانیارییەکانی خستۆتەڕوو، لە باسکردنی هەندێك شوێن و رووداودا پشتی بە گێڕانەوەکان بەستوە و لە نوسینەکانیدا دەتوانین هەست بەوە بکەین کە کامە زانیاری و شوێن و ڕوداو خۆی بینیویەتی و ئامادەی بووە و کامەی تریان تەنها لەخەڵکەوە بۆی گێردراوەتەوە و ئەو تەنها تۆماریکردوون.

خليل علي مراد، "رحلة أوليا جلبي مصدرا لدراسة أحوال العراق في القرن السابع عشر،" مجلةالمشكاة، عدد 1، جامعة الموصل، كلية الاداب، قسم التأريخ، 2004، ص ص: 47-48 ;

Kırık Zanaat ve Ticaret, Evliya Çelebi Seyahetnemesine göre İstanbul'da Esnae, ZEYNEP ERDURAN, TARİH ANABİLİM DALI, Kale Üniversitesi. SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ؛ بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا، بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، سلێمانی: ناوەندی سارا، 2019، 46.

KIRIKKALE-2006, XXIII- XXIV.

[44] بۆ زانیاری زیاتر دەربارە لیواکانی ئەیالەتی شارەزوور، دەڕواندرێتە: فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي، بيروت، 2007، ص 362-369.

[45] دواتر ژمارەی ئەم سەنجاقانەش گۆڕا بۆ 32 سەنجاق، کە بریتی بوون لە: کەرکوك، شەمامك، هەولێر، سروجك، زەنگەمە، چیغان، شارباژێر (شهربازار)، شارەزوور، جنکولە، قزلجە، جبل انجیران (قەرەهەنجیر)، هەزارمێرد، الان، دلجوران، مەرکاوە، رودین، هەریر، کوی بیل، ئوتاری سەید بورنجین، عەجور، ئەبرومان (هەورامان)، داوران، باف، برند، بەلقاص، ئوشنێ، قەڵای غازی قڕان، مەهرەوان، شەمێران Ayn-i Ali Efendi, Kavânîn-i Âl-i Osman der Hülâsa-i Mezâmin-i Defter-i Divan, İstanbul: Tasvir-i Efkâr Gazetesi Yayınları, 1280, s. 35.

[46] لەسەردەمی کۆماری عێراق و دوای ڕووخانی دەوڵەتی شاهانەی عێراق، لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا شارباژێر وەک قەزایەک تەنها دوو ناحیەی هەبوون ئەوانیش ناحیەی ماوەت و ناحیەی سرۆچک(بەرزنجە). (باقر و سفر، ١٩٦٥،ص٣٧).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

قران (غازی کشان)، سەید بوورنجین،[47] لیوای سروجك ( که داهاتی زەوی خاص میری میرانی 1100000 ئاقچەیە)[48]، حکومەتی میهرەبان، هەروەها دەفتەر کەتخوداسی و تیمار دەفتەرداری[49] و سەنجاقێکی لەشێوەی حکومەتدا هەیە.[50] لە ساڵانی دواتردا لە ئەنجامی ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی و کاردانەوەیان لەسەر کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی سنوری نێوانیان، دەبینین لەدوای کۆچی دوایی حاکمی قەڵای زەڵم (بێگەبەگ) لە 1550ز، ئەوا باریەکەی بەناوی سورخاب بەگ بووە فەرمانڕەوای قەڵای زەڵم و لە عوسمانییەکان هەڵگەڕایەوە، هەربۆیە لەم کاتەدا سوڵتان سلێمان قانونی مەئمون بەگی حاکمی پێشوی ئەردەڵانی ئازادکرد و ناوچەی (حللە)ی خستە ژێردەستییەوە، هەروەها ئیسماعیل بەگی برای مەئمون بەگیشی کردە حاکمی قەڵای سرۆچک.[51]

ئەگەرچی لەگەڵ بەهێزبوونی میرنشینی بابان و هەڵبژاردنی قەڵاچوالان وەک پایەتەختی میرنشینەکە، وردە وردە شارباژێر پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە نامینێت، بەڵام لەدوای ڕوخانی میرنشینی بابان لە ساڵی 1851ز. و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن عوسمانییەکانەوە، ئەوا شارباژێر دەکرێتەوە بە قەزایەکی سەر بە سەنجەقی سلێمانی لەناو ویلایەتی شارەزووردا، کە پێکهاتە کارگێرییە عوسمانییەکەی ئەوێ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بووبوو:

**أ/ قایمقام:**

بەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵی عوسمانی، ساڵی 1308ك (1890) دا (نادر بەگ) قایمقامی شارباژێر بووە، و جێگرەکەشی (وەلییەدین ئەفەندی) بووە.[52] بەڵام بەپێی ساڵنامەی ویلایەتی موسڵی ساڵی 1310ك (1892)، ئەوا (عەبدوڵا ئەفەندی) قایمقامی شارباژێر بووە، و جێگرەکەشی (ئەحمەد ئەفەندی) بووە.[53] دکتور بەختیار سەعید مەحمود لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی پۆستەکان هۆکار بوون بۆ گۆڕانکاری لە پۆستەکاندا. لە هەندێك پۆستەکاندا هەندێک کات دەوڵەتی عوسمانی بۆخۆی گۆڕانکارییگۆڕانکاری تێدا دەکرد، لەکاتێکدا هەڵبژاردن نەکراوە بۆ ئەم پۆستانە.[54] لە ساڵی 1312ك (1894). دا (ئەحمەد ئاغا) بە وەکالەت قایمقامی شارباژێر بووە، و جێگرەکەشی (ئیسماعیل ئەفەندی) بووە.[55] هەروەها لە ساڵی 1314ك(1896). قایمقامی شارباژێر (رەمزی ئەفەندی) بووە، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە ئاماژە بۆ لادانی رەمزی ئەفەندی و هاتنە سەر کاری عەبدولقادر پاشا دەکات.[56] هەربەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە ساڵی 1316ك(1898) پیشانمان دەدات کە ناوبراو لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت "
بابی عالی فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ

قەڵەمی نووسین ژمارە ٢٧١٨
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندە

---

[47] بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا، بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، سلێمانی: ناوەندی سارا، 2019، 46.

[48] Ayn-i Ali Efendi, s. 7.

[49] ئەمە وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو دەستەواژەی تیمار و دەفتەردار پێکهاتووە، کە تیمار خۆی یەکێکە لە شێوازەکانی وەرگرتنی باجی زەوی و زار لە دەوڵەتی عوسمانی، کە تایبەت بووە بە فەرماندە سەربازییەکان و میر و سەرۆك هۆزەکان، هەروەها دەفتەرداریش ئەو کەسە بوو کە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەدەبرد جا لەهەر شوێنێکی دەوڵەت بوایە. بڕوانە:

Mehmet Ali Ünal, Osmanlı Müesseseleri Tarihi,9.basım, İsparta: Fakültekitapevi,s.56; TİMAR, Halil İnalcık, DİA, cilt: 41; sayfa: 169

[50] Evliyâ Çelebî, Evliyâ Çelebî Seyyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, Cilt IV, (haz.) Yücel Dağlı, Seyit Ali Kahraman, İstanbul: YKY, 2000, s. 297.

[51] میر شەرەفخان، شەرەفنامە، هەولێر: چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم، 2006، 136.

[52] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.

[53] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 218.

[54] بختيار سعيد محمود، ل. 100.

[55] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.

[56] A_{DVNSMHM_00024_00129 (291).



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:135-167

لەناو ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای شەهربازار رەمزی ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە، بۆ قائیمقامیەتی باسکراو بە چینی سێیەم، عەبدولقادر پاشا کە لە قائیمقامیەتی قەزای بازیان لە چینی دووەم کاری کردووە و لەگەڵ کەش و هەوای ئەوێ ئاوێتە نەبووە داوای کردووە شوێنەکەی بگۆردرێت. ...لە ١٢ جەمادی یەکەم ١٣١٦ (1898) و لە ١٦ ئەیلوول ١٣١٤(1896). بە ناوی نازری کاروباری ناوخۆ، ٦ موحەررەم ١٣٠٦ (1889) و ١ ئەیلوول ١٣٠٤ (1887). (ئاشتی رەحمان، نەوزاد یەحیا باجگر، ٥٨).
لەبەڵگەنامەیەکی تردا بەدواداچوون و فەرمانی هەمان پرس بەم شێوەیە باسکراوە:

بابی عالی

کۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە

ژمارە ٢٤٦

نوسراو لە مێژووی ١٦ ئەیلوول ١٣١٤(1896) ژمارە ٢٧١٨ لە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە بۆ قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە حەواڵە کراوە، لە یەک دەستەواژەیدا لە ویلایەتی موسڵ قائیمقامی قەزای شەهربازار، رەمزی ئەفەندی بەهۆی مردنیەوە، لە چینی سییەم بۆ قائیمقامیەتی ناوهاتووە، قائیمقامی قەزای بازیان لە چینی دووەم دانراوە، بەڵام لەگەڵ کەشوهەوای ئەوێ ئاوێتە نابێت، بۆیە داواکراوە عەبدولقادر پاشا بگوازرێتەوە. لە کاتی ووردبینی لە زانیاری ناوبراو هیچ شتێک نەدۆزراوەتەوە رێگر بێت لە دەستبەکاربوونی، بۆیە بە ئاماژەکردن کارەکەی پەسەن کراو نووسراوی بۆ کراوە، ئەمرۆ فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسە کە فەرمان دەردەکات. ٢٤ جەمادی یەکەم ١٣١٦ (1898) و ٢٩ ئەیلوول ١٣١٤(1896).[57]

لەلایەکیترەوە لە ساڵی 1325ك/1907ز.دا قایمقامی شارباژێر گواستراوەتەوە و هیچ کەسێك لەشوێنی دانەنراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا جێگری قایمقام هەبووە بەناوی (عەلی ئەفەندی).[58] هەروەها لە ساڵی 1330ك (1912)ز. دا (سەید عەلی ئەفەندی) قایمقامی شارباژێر بووە، و جێگرەکەشی (ئەحمەد موختار ئەفەندی) بووە.[59]

بێگومان گۆرانکاریە کارگێرییەکانی ناو قەزا و ئالیەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا بە پلەیەکی باش بەپێی ڕەزامەندی خەڵکی ناوچەکان و لە کەسایەتییەکانی خەڵکی ناوچەکان ئەوانەی جێی ڕەزامەندی دەوڵەتی عوسمانی بوون هەڵدەبژێردران، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیست و کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەرکەوتنی کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسی و رۆشنبیری و نەتەوەییەکان لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا بە تایبەت (کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی) گۆرانکاری بەردەوام و یەک لە دوای یەک لەو پۆستە کارگێڕیانەدا دەکرا، ئەمە جگە لەوەی ئیتیحادییەکان بۆ زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان لە دە ساڵی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆربەی کات فەرمانبەری تورکییان بۆ ناوچەکانی کوردستان دادەنا یان ئەو کوردانەی کە بە خزمەتکردنی مەرامی ئیتیحادییەکان ڕازیبووبوون و بووبونە ئیتیحادی.

**ب/ ئەنجومەنی قەزای شارباژێر**

ئەم ئەنجومەنە بەپێی ساڵنامەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە قایمقام و جێگری قایمقام، و بەرپرسی دارایی و بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان. لە ساڵی 1308ك/ 1890ز. دا ئەنجومەنی قەزا بەم شێوەیە بوو:

| قایمقام | جێگری قایمقام | بەپرسی دارایی | بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان/ باج |
|---|---|---|---|
| نادر بەگ | وەلیەدین ئەفەندی | سەید مەحمود هارە ئەفەندی | اصطیل عامرە[60] |

[57] ئاشتی رەحمان، نەوزاد یەحیا باجگر، بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا(١٢٩٨-١٣٣٦ کۆچی/ ١٨٨١-١٩١٨زایینی، هەولێر، زانکۆی جیهان، ٢٠١٨، ل١١٥.
[58] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 232.
[59] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 312.
[60] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 135-167

لە دواتردا هەموو ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە گۆڕانکارییگۆڕانکاری تێداکرا، هەربۆیە لە ساڵی 1310ك/1892ز ئەنجومەنەکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێکرا:

| قایمقام | جێگری قایمقام | بەپرسی دارایی | بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان/ باج |
|---|---|---|---|
| عەبدوڵڵا ئەفەندی | ئەحمەد ئەفەندی | فەتاح ئەفەندی | گواستراوەتەوە[61] |

ئەم کاربەدەستانە بەردەوام لە پلەوپۆستی خۆیان نەدەهێلدرانەوە، بەڵکو لەدواتر دا، لە ساڵی 1312ك/ 1894ز، ئەندامانی ئەنجومەنەکە گۆڕانکارییگۆڕانکاری تێدا کرا، کە بەم شێوەیە بوو:

| قایمقام | جێگری قایمقام | بەپرسی دارایی | بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان/ باج |
|---|---|---|---|
| ئەحمەد ئەفەندی | ئیسماعیل ئەفەندی | فەتاح ئەفەندی | گواستراوەتەوە[62] |

ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژەیە، لەم ساڵەدا پۆستێکی تر بۆ ئەندامی ئەم ئەنجومەنە زیاد کراوە، ئەویش بەرپرسی دەرگاوان (قاپوجی[63] باشی) بووە، بەڵام ئاماژە بە ناوەکەی نەدراوە.[64]

هەروەها لە ساڵی 1325ك/ 1907ز ئەندامانی ئەنجومەنی شارباژێر بریتی بوون لە:

| قایمقام | جێگری قایمقام | بەپرسی دارایی | بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان/ باج |
|---|---|---|---|
| گواستراوە | عەلی ئەفەندی | عەزیز ئەفەندی | گواستراوەتەوە[65] |

لەگەڵ ئەمەش دا ئەندامانی ئەنجومەنی شارباژێر لە ساڵی 1330/1912ز بووە بە پێنج کەس وبەشێك لە ئەندامەکانیش گۆڕدراون، لەم کاتەدا (موفتی) بۆ قەزاکە دانراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| قایمقام | جێگری قایمقام | بەپرسی دارایی | بەرپرسی شیکردنەوەی نووسراوەکان/ باج | موفتی |
|---|---|---|---|---|
| سەید عەلی ئەفەندی | ئەحمەد موختار ئەفەندی | عزەت ئەفەندی | سدیق ئەفەندی | شێخ جلال الدین ئەفەندی[66] |

**ج/ ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزای شارباژێر:**

ئەم ئەنجومەنە هەر لەسەرەتاوە هەبووە، بەڵام بەپێی ساڵەکان ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە گۆڕانکاری بەرسەدا هاتووە و فەرمانبەرانی ئەم ئەنجومەنە گۆڕدراون. لە ساڵی 1308ك./ 1890ز. ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن تەنها (سێ) کەس بوون، کە ئەوانیش کەسایەتی گەورە و ئاغاکانی ناوچەکە بوون، کە بەم شێوەیە بوون:

| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|
| شەریف ئاغا | عەبدوڵڵا ئاغا | کەریم ئاغا[67] |

[61] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 218.
[62] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.
[63] جێی ئاماژەیە وشەی (قاپیی) تورکی عوسمانی کە بە واتای دەرگە و دەروازە دێت تا ئێستاش لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانیدا بەشێوەیەکی کەم ماوەتەوە و لە ماڵەکاندا هەندێک جار بە دەرگەی ماڵ و حەوشە ئەڵێن قاپی بەتایبەت کاتێک ئەڵێن (قاپییەکە داخە) واتە دەرگەی ماڵەوە دابخە.
[64] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.
[65] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 218.
[66] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 312.
[67] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەڵام لە ساڵی 1310ك/1892ز. ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بوو بە (چوار) کەس، و بەشێك لە ئەندامانیش گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، بەم شێوەیە:

| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
|---|---|---|---|
| عەبدوڵلا ئاغا | عەبدوڵلا ئاغا | کەریم ئاغا | گواستراوەتەوە[68] |

ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی 1312ك/1894ز . گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت، یەکێك لەو گۆڕانکاریيانەی ڕوودەدات ئەوەیە کە ئەندامانی ئەنجومەنی شارباژێر، ڕاستەوخۆ دەبنەوە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شارباژێر و ڕاستەوخۆ لەلایەن قایمقامەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و جێگرەکەشی لەلایەن جێگری قایمقامەوە بەڕێوەدەبردرێت، هەروەها چوار ئەندامی تریش بە هەڵبژاردن دادەنرێن، کە بەم شێوەیەی لێدێت:

| | |
|---|---|
| ئەحمەد ئاغا | قایمقام/ سەرۆك و ئەندامی هەمیشەیی |
| ئیسماعیل ئەفەندی | جێگری قایمقام/ ئەندامی هەمیشەیی |
| فەتاح ئەفەندی | بەرپرسی دارایی/ ئەندامی هەمیشەیی |
| گواستراوە | بەرپرسی باج/ ئەندامی هەمیشەیی |
| ئەمین ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| عەبدوڵلا ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| محەمەد ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| عەبدوڵلا ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو[69] |

هەر ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی 1325ك/1907ز گۆڕانکاریی تێدا کرا و ئەندامانی لیژنەکە کران بە (نۆ) کەس، کە (پێنج) ئەندامیان کران بە ئەندامی هەمیشەیی و (سێ) ئەندامیشیان کران بە ئەندامی هەڵبژێردراو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| گواستراوە | قایمقام/ سەرۆك و ئەندامی هەمیشەیی |
| عەلی ئەفەندی | جێگری قایمقام/ ئەندامی هەمیشەیی |
| عەلی ئەفەندی | بەرپرسی دارایی/ ئەندامی هەمیشەیی |
| عەلی مەردان | بەرپرسی باج/ ئەندامی هەمیشەیی |
| عەزیز ئەفەندی | ئەندامی هەمیشەیی/ بەپرسی شیکردنەوەی دارایی |
| کوخە(کوێخا) ئەمین ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| عەبدولقادر ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| عەبدوڵلا ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو[70] |

دواتر ئەم ئەنجومەنە لە ساڵی 1330ك/1912ز. گۆڕانکاریی تێداکرا و ئەندامانی لیژنەکە گۆڕانکاریی تێداکرا، کە ژمارەی ئەندامانی هەڵبژێردراو کرا بە (چوار) ئەندام، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| سەید عەلی ئەفەندی | قایمقام/ سەرۆك و ئەندامی هەمیشەیی |
| ئەحمەد موختار ئەفەندی | جێگری قایمقام/ ئەندامی هەمیشەیی |
| عزەت ئەفەندی | بەرپرسی دارایی/ ئەندامی هەمیشەیی |
| شێخ جەلالەدین ئەفەندی | موفتی |
| سدیق ئەفەندی | ئەندامی هەمیشەیی/ بەپرسی شیکردنەوەی دارایی |

[68] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 218.
[69] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.
[70] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 233.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | |
|---|---|
| عەبدوڵلا ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| محەمەد ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| تۆفیق ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو |
| ئەمین ئاغا | ئەندامی هەڵبژێردراو[71] |

**شەشەم/ تاوان و دادگای بەرایی لە قەزای شارباژێر:**

ئەم دادگایە هەر لەسەرەتاوە لە شارباژێردا دانرا، دواتر چەندین کەس کران بە ئەندام لەم دادگایەدا، ئەم دادگایە پێکهاتبوو لە سەرۆکی دادگا و دوو ئەندام و دوو نووسەری دادگا، لەگەڵ یەك یاریدەدەری دادوەری لێکۆڵینەوە (مستنطق)، پێوستە ئەوەش بڵێین ئەندامانی ئەم دادگایانە زیاتر کەسانی ئاینی و شەریعەتزان بوون، واتە دادگاکە زیاتر لە شێوەی دادگایەکی شەرعیدا بوو.[72] لەساڵی 1308ك/ 1890ز. دا دادگای سەرەتایی لە قەزای شارباژێر بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| ئەندامانی دادگا | پێگەکەیان |
|---|---|
| وەلیەدین ئەفەندی | سەرۆکی دادگا |
| رەشید ئەفەندی | ئەندام |
| محەمەد عەلی بەگ | ئەندام |
| تۆفیق ئەفەندی[73] | نووسەری یەکەمی دادگا |
| مەحەمەد ئەفەندی | نووسەری دووەمی دادگا |
| سەعید ئەفەندی | دادوەری لێکۆڵینەوە[74] |

دواتر ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەی دادگا گۆڕانکاریی بەسەرداهات و پێگەیان گۆڕانکاریی تێدا کرا، هەروەکو دەبینین لە ساڵی 1310ك/ 1892ز. ژمارەی ئەندامەکانی دادگای بەرایی شارباژێر بوون بە حەوت کەس، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ئەندامانی دادگا | پێگەکەیان |
|---|---|
| نائیب ئەفەندی | سەرۆکی دادگا |
| عەبدولڕەحمان ئاغا | ئەندام |
| محەمەد عەلی بەگ | ئەندام |
| رەفیق ئەفەندی | سەرنووسەری دادگا |
| محەمەد نامیق ئەفەندی | نووسەری دووەمی دادگا |
| صاڵح ئاغا | بەرید (مباشر) |
| سەعید ئەفەندی | دادوەری لێکۆڵینەوە[75] |

لە ساڵی 1312/1894ز. ئەندامانی دادگای بەرایی شارباژێر گۆڕانکاریی بەسەرداهات، کە یەکێك لەوانە دەروێش ئەفەندی بوو کە کرا بە یاریدەری دادوەری لێکۆڵینەوە، هەروەها تۆفیق ئەفەندی کرا بە سەرنووسەری داگا، و عەلی ئەفەندی کرا بە نووسەری دووەمی دادگا، هەریەکە لە عەبدوڵلابەگ و مەحەمەد ئاغاش کرانە ئەندامی دادگا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

[71] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 312.
[72] بختیار سعید محمود، 101.
[73] لەوانەیە ئەم (تۆفیق ئەفەندی)یەی نووسەری یەکەمی دادگای شارباژێر هەر پیرەمێردی شاعیر(حاجی تۆفیقی مەحموود ئاغای مەسرەف)بووبێت، چونکە ئەو لەو ساڵانەدا دەبێتە(باشکاتب) لەدادگای شارباژێر. پاشان پیرەمێردی شاعیر دەچێتە بۆ ئەستەنبوڵ و دوای ئەوەی کولیەی حقوقی لە ئەستەنبوڵ تەواوکرد و چووە ریزی حیزبی ئیتیحاد و تەرەقی تورکەکانەوە کرا بە موتەسەریفی ئەماسیە لە تورکیا. (پیرەمێرد، پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی فایەق هۆشیار و ئەوانی تر، بەرگی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ، چاپخانەی ئەدیبان، ل.٦-٨).

[74] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.
[75] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 218.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:135-167 المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| ئەندامانی دادگا | پێگەکەیان |
|---|---|
| نائیب ئەفەندی | سەرۆکی دادگا |
| عەبدوڵڵا بەگ | ئەندام |
| محەمەد ئاغا | ئەندام |
| تۆفیق ئەفەندی | سەرنووسەری دادگا |
| عەلی ئەفەندی | نووسەری دووەمی دادگا |
| دەروێش ئەفەندی | یاریدەری دادوەری لێکۆڵینەوە[76] |

ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە ساڵی 1325ك/1907ز.، دادگا لە قەزای شارباژێڕ نامێنێت، بەڵکو تەنها فەرمانگەیەك دەبێت بەناوی دادوەری لێکۆڵینەوە (استنطاق)، کە یاریدەری دادوەری لێکۆڵینەوەکەش (محەمەد ئەفەندی) بووە، لەگەڵ دوو کەسیش وەکو جێبەجێکار و بەریدی فەرمانگەکە.[77]

بەڵام لە ساڵی 1330ك/1912ز. دووبارە ئەم دادگایە لە قەزای شارباژێڕ دادەندرێتەوە، ئەویش دەبێتە دوو بەش، دادگای شەرعی و دادگای بەرایی، کە دوو دادگای جیاواز بوون، بەشێوەیەك لە دادگای شەرعیدا بەشێك هەبووە بۆ پرسی منداڵانی بێ باوك (یەتیم)، ئەوانیتریش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

| ئەندامانی دادگای شەرعی | پێگەکەیان |
|---|---|
| ئەحمەد موختار ئەفەندی | جێگری سەرۆکی دادگا |
| سەعید ئەفەندی | سەرنووسەری دادگا |
| ئەحمەد ناصر ئەفەندی | بەرپرسی منداڵانی بێ باوك (یەتیم) |
| عەلی رەزا ئەفەندی | نووسەری دووەمی دادگا[78] |

هەروەها ئەندامانی هەردوو دادگاکەش بەم شێوەیە بوو:

| ئەندامانی دادگای شەرعی و داگای بەرایی | پێگەکەیان |
|---|---|
| ئەحمەد موختار ئەفەندی | سەرۆکی دادگا |
| عەلی ئەفەندی | ئەندامی دادگا |
| عەبدولغەفور ئەفەندی | ئەندامی دادگا |
| محەمەد تۆفیق ئەفەندی | سەرنووسەری دادگا |
| رەشید ئەفەندی | نووسەری دووەمی دادگا |
| ئەحمەد ئەفەندی | یاریدەری دادوەری لێکۆڵینەوە[79] |

**حەوتەم/ پۆلیسی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان:**

سەبارەت بە پۆلیسی ڕووبەڕوبونەوەی تاوان دەبینین کە تەنها یەك کەس وەکو پۆلیس لە قەزایەکەدا کاری کردووە، کە لەساڵی 1308ك/1890ز. دا بریتی بوو لە (ملازم محەمەد ئەفەندی)[80]، بەڵام لە ساڵی 1310ك/1892ز. یەکێکیتر ئەم ئەرکەی پێدەدرێت، ئەویش (قادر ئاغا)بوو.[81] قادر ئاغا لەساڵانی 1312ك/1894ز بەردەوام دەبێت لە پۆستەکەی. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەم پۆلیسە و ئەرکەکەی لە ساڵی 1325ك/1907ز لە قەزای شارباژێڕدا نامێنێت.[82] لەگەڵ ئەمەش دا دەبینین بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە، ئەوا تابوری پێنجەمی هێزی سەربازی ویلایەتی موسڵ لە سەنجاقی سلێمانیدا لە ناوچەکانی شارباژێڕدا جێگیرکراون، بۆ

[76] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.
[77] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 233.
[78] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 312.
[79] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 312.
[80] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.
[81] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 219.
[82] بروانە سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 233: سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

رووبەڕووبونەوەی هەر دۆخێکی نەخوازراو، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەك دا ئاماژە بە گۆرینی شوێنیان دەكات و دەڵێت " بیهی.. سەرۆکایەتی وەزیران (باب العالی) فەرماندەگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دیوانی همایونی 2613 ڕێزدار حەزرەتی پایەبەرز (ئەمە کۆدێ پەیوەندی نێوان سەرۆك وەزیران و سوڵتانە)، تابوری پێنجەمی هێزی سەربازی ویلایەتی موسڵ لە سەنجاقی سلێمانیدا کە لە بلۆك (ناوچەکانی) شارباژێر و حەمیدییە و مەعمورە کە ماوەیەکە لەوێ ماونەتەوە و کەوتونەتە ناو فەرمانڕەوایی ناوچەیی دەوڵەتەوە و بابەت داواکارییەکانیشیان بۆ نوێکردنەوە و گۆڕانکاری پێکردنی شوێنەکانیان لە فەرمانگەی پۆلیس (جەندرمە) بۆ فەرمانداری گشتی بەرزرکاوەتەوە، هەر شێوازێك کە خاوەن شکۆ ویستی لەسەر بێت، ئەو بریاری گۆڕانکارییەکان بەوجۆرە دەبێت:" 1/ ڕەمەزان/1318 10/کانونی یەکەم/1316

سەرۆکوەزیران : ماهیر.. بۆلایەنی پەیوەندیدار.. داواکارییەکە قبوڵکراوە، لەگەڵ داواکارییەکەی سەرۆکوەزیران و بەفەرمانی باڵای سوڵتان سەبارەت بەم داواکارییەی سەرۆکایەتی وەزیران دا، ئەوا ڕەزامەندی پیشان دراوە بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست بۆ ئەم بابەتە، کە خودی ئەمر و فەرمانەکەش لەخاوەنشکۆوەیە. 10/ ڕەمەزان/1318 19/کانونی یەکەم/1316 پاشای وڵات".[83]

**هەشتەم/ لایەنی دارایی و ئابوری قەزای شارباژێر**

دانیشتوانی ئەم قەزایە بەگشتی خەریکی کاروباری ڕەزداری و کشتوکاڵن، هەروەها هەندێکیان بازرگانی (توتن)بوون و بۆ ئەمەش چەندین کێڵگەی تایبەت بە شتڵی توتنیان هەبووە.[84] لەگەڵ ئەمەشدا بەروبوومی ئەم قەزایە زۆر بەناوبانگە و بەرهەمەکانیان بۆ چەندین شوێن دەرنێردرا، بەتایبەتی بۆ سلێمانی، کە لەوێدا خواستێکی زۆری هەیە و بەرهەمەکانیان دەفرۆشرێت، هەربۆیە خەڵکی شارباژێر سودێکی زۆر لە بازاڕی سلێمانی دەبینن.[85] توتن وەک بەرهەمێکی کشتوکاڵی گەورە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، و بەشێکی زۆر لە زەوییە بەراوەکانی شارباژێر دەکرا بە توتن.[86] هەروەها داهاتی شارباژێر لە ساڵەکانی (1854-1855ز. / 1271 ک.) بە پێی سەرجەم باجەکانی (ڕسوم، یەك لە دە (عشور)، گومرگ، بۆیخانە) بریتی بووە لە (15) پارە و (14529) قروش، هەروەها لە هەندێکاتی تردا ئەم داهاتە بۆتە (15) پارە و (18065) قروش.[87]

تەنانەت لە ساڵنامەکانی عوسمانیدا ئاماژە بە دانانی فەرمانبەر دەکەن بۆ سەرپەرشتیکردن و چاودێری زەوی و زاری هاوڵاتیانی ناوچەکە، بۆ ئەمەش گرنگی بە تاپۆ دەدەن، هەربۆیە فەرمانبەری تاپۆ لە ساڵی 1308ك/1890ز. بۆ یەکەمجار بۆ زەوییەکانی قەزاکە دانرا و یەکەم کەسیش کە لەم پۆستەدا دانرا (کانەبی قادر بەگ)بوو[88]. دواتریش لە ساڵانی 1892-1893ز. بەردەوام بوو لە پۆستەکەیدا.[89] دواتر ئەم پۆستە لە قەزاکەدا نامێنێت. تاکو لەساڵی 1330ك/1912ز. فەرمانەر بۆ ئەم بوارە دادەنرێتەوە کە (کانەبی عەبدولقادر بەگ) دەکرێتە فەرمانبەر لەم پۆستەدا.[90]

دواتر گرنگیدان بەلایەنی دارایی ناوچەکە وای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، کە یەکەیەکی تایبەت بە لایەنی دارایی شارباژێر دابنێت بەناوی (یەکەی دارایی قەزای شارباژێر) ئەم پۆستە بۆیەکەمجار لە ساڵی 1312ك/1892ز. لە قەزای شارباژێر دروستکراوە، یەکەم کەس کە لەم پۆستەدا دانرا بەناونیشانی ئەمینی سندوق، ئەوا توفیق ئەفەندی بوو. دواتر ئەم پۆستە لە قەزاکەدا نامێنێت[91] پاشان لە ساڵی 1330ك/1912ز. دەبێتە یەکەیەکی گەورە لە کارگێری قەزاکەدا بەناونیشانی خامەی دارایی (مال قلمی)، کە فەرمانبەران و بەڕێوەبەرەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

---

[83] İ__AS___00034_00076_004_001.
بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (پێنج).
[84] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.
[85] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 314.
[86] Levent Ayabakan,"Kürtlerde Tütün Kültürü ve Kürtlerin Tütün Ekonomisinde İngiltere'nin Rolü (1883-1923)" VAKANÜVİS- Uluslararası Tarih Araştırmaları Dergisi/ International Journal of Historical Researches, Yıl/Vol. 2016ö 1, Sayı/No. 2 Güz/Fall 2016 ISSN: 2149-9535, pp.14-29.
[87] İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ,..ve Hacı Osman YILDIRIM, 153.
[88] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 219.
[89] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 219.
[90] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 188.
[91] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| ناوی فەرمانبەر | پۆستەکەی |
|---|---|
| عزەت ئەفەندی | بەڕێوەبەری دارایی |
| جەمیل ئەفەندی | یاریدەری بەڕێوەبەری دارایی |
| عەلی مەردان ئەفەندی | بەرپرسی کۆکردنەوە و دەستخستنی دارایی |
| ڕەشید ئەفەندی | ئەمینداری سندوق[92] |

جگە لەمانەش بەهۆی گرنگی ناوچەکە بۆ کاروباری کشتوکاڵیی، ئەوا دەبینین، بەشێك لە سەربازانی تابوری پێنجەمی سوپای هومایونی، لە شارباژێردا خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ببن، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەمە دەکات و دەڵێت:" فەرمانگەی پۆلیس (جەندرمە). ئەو سەربازانەی لە هێزی پێنجەمی سوپای موسڵ دا لە شارباژێر و مەعمورە و حەمیدییە خزمەت دەکەن، ئەوانە ماوەیەکی درێژە لەشوێنی خۆیان کاردەکەن، هەر ئەمەش وایکردووە بەگشتی لە ئەرکی خۆیان دووربکەونەوە و بەگشتی بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك دەبن، لەم حاڵەتەشدا سودیان بۆ دەوڵەت نابێت و تەنانە داوای خانەنشین بوون دەکەن، هەر لەبەرئەوە گۆڕینیان پێویست بوو، هەر لەبەر ئەمەش ئەو مامەڵانە لە سەنجاقی سلێمانییەوە بۆ ویلایەتی ئاماژەپێکراو (موسڵ) بەشێوەی دۆسیەیەك نێردراون و نوسراوی خانەنشینکردنی فەرمییان پەسەندکراوە. کە بۆ ئەمەش بنکەی پۆلیس و هێزی سوپای ناوچەکە بە فەرمانی پادشایی ڕاسپێردراون بۆ بەدواداچوونی خانەنشین بوونیان و نوێکردنەوەی هێزەکانی ئەوێ، کە بۆ ئەمەش بە فەرمی لەلایەن پادشاوە، سەرۆکایەتی وەزیران ڕاسپێردراوە بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە و ئەمر و فەرمان لەخاوەنشکۆوەیە. 7/ شعبان / 1318ک. 16/ تشرینی دووەم/ 1316ک.".[93]

ئەم بەڵگەنامەیەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم ناوچەیە لەو سەردەمە و لە ئێستاشدا ناوچەیەکی لەبار بووە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەویش بەهۆی بەپیتی خاکەکەیەوە بووە. هەروەها سەرڕێگەیەکی بازرگانی گرنگ بوو، شوێنەوارناسانی عێراقی تەها باقر و فۆاد سەفەر لە گەشتەکەیاندا بۆ شارباژێر لە ساڵی ١٩٦٥ باس لە چەند ڕێگەیەکی بازرگانی سەرەکی کاروانچییەکان لە شارباژێر دەکەن کە ناوچەکانی سلێمانی و بانە و مەریوانیان پێکەوە ئەبەستەوە، ئەم ڕێگانە ڕێگەی مێژوویین و بە درێژایی سەدان ساڵ لەوەوبەریش هەر بەکارهێندراون، ڕێگەی یەکەم سلێمانی -دەربەندی گۆیژە(لە دێی وێڵەیەر)، و چنگیان و شاخی گرگاشێ-پێنجوێن-مەریوان-سنە. ڕێگەی دووەم: سلێمانی-دەربەندی ئەزمڕ-هەرمن—چوارتا-پردی کەناروێ-شیوەکەڵ-بانە. و ڕێگەی سێیەم سلێمانی-دۆڵەڕووت-دەربەندی قەیوان-پردی قەشان لەسەر رووباری دووچەمان-پردی تەیەت لەسەر رووباری کەڵوێ/زێی خوارووـشاری سەردەشت.[94]

**نۆیەم/ فەرمانگەی تۆماری دانیشتوان (نفوس دائرەسی)**

ئەم فەرمانگەیە لەسەرەتاوە پەری پێدراوە، هەربۆەی دەبینین لە ساڵی 1308ك/1890ز ئەوا عارف بەگ دەبێتە بەپرسی ئەم کارە و عەلی ئەفەندیش دەبێتە نووسەری فەرمانگەی ناسنامە،[95] دواتریش عەبدولکەریم ئاغا دەبێتە بەرپرسی ئەم فەرمانگەیە و کانەبی عارف بەگیش دەبێتە فەرمانبەر لەم فەرمانگەیە.[96] ئەم دوانە لە خزمەتکردن بەردەوام دەبن، چونکە بەپێی ساڵنامەی ساڵی 1312ك/1894ز هەمان ئەو ناوانەن کە لەم فەرمانگەیەدا کاردەکەن.[97] هەروەها لە ساڵانی 1325ك/1907ز دا عارف ئەفەندی وەکو فەرمانبەر کار دەکات و مەحمود ئەفەندیش وەکو نووسەر.[98] هەر ئەم فەرمانبەرانە بەردەوام دەبن لە کارەکانیان تاکو ساڵی 1330ك/ 1912ز، چونکە بەپێی ساڵنامەی 1330ك/1912ز. ئەوا هەمان ئەو فەرمانبەرانە لەم فەرمانگەیە کاردەکەن.[99] ئەگەرچی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات عارفە فەندی لە ساڵی 1330ك/ 1911ز. بەهۆی هەندێ کردەوەی نەشیاو (گەندەڵی) لە پۆستەکەیدا دوورخراوەتەوە، هەروەکو ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە دەڵێت: "وەزارەتی ناوخۆی پایەبەرز/ ویلایەتی

[92] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 313.
[93] İ__AS___00034_00076_002_001.
بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (شەش).
[94] C. J Edmonds., "Shar Bazhêr and the Basin of the Qalachuwalan," The Geographical Journal, Vol. 123, No. 3 (Sep., 1957), pp. 318-328.
[95] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.
[96] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 219.
[97] سالنامەء ویلایت موصل، 1312، 187.
[98] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 233.
[99] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 313.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
ص:135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

موسڵ/ خامەی نهێنی/ بەڕێز جەنابی وەزیر/ فەرمانبەری نفوس (دانیشتوان) لە قەزای شارباژێری سەر بە متەسەریفییەی سلێمانی (عارف ئەفەندی)، کە بەهۆی هەندێ هەڵسوکەوت و کردەوە و مامەڵە کردنی لە دەرەوەی یاسا، ناوبراو لە پۆستەکەی دورخراوەتەوە و لەجێگایدا فەرمانبەری پێشووی زیندان لە متەسەریفییەی سلێمانی (شێخ مەحمود ئەفەندی) درانراوە. بۆ ئەمەش فەرمانی دەست بەکاربوونی ناوبراو بۆ متەسەریفییەی سلێمانی نێردراوە، هەروەها فەرمانی دامەزراندنی لە پۆستە نوێیەکەیدا بۆ فەرمانگەی نفوس لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە."[100]

هەروەها بەڵگەنامەیەکی عوسمانی ئاماژە بەبوونی ئەم فەرمانگەیە لە شارباژێر دەکات و تیایدا بە دۆسیەیەك ژمارەی دانیشتوانی قەزای شارباژێری بۆ متەسەریفییەی سلێمانی و بۆ ناوەندی ویلایەتی موسڵ ناردووە، بەڵام زانیاری ووردمان لەبارەیەوە دەستنەکەوتووە، ناوەڕۆکی خشتەی بەڵگەنامەکەدا دەڵێت:

| ژمارەی ئەوراق | ژمارەی دۆسیە | ژمارەی خامە | بەرواری ناردن | تۆماری زانیاری دانیشتوان لە ئیداری گشتی | نوسراو | تایبەتمەندی | بەرواری وەرگرتن | بەرواری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 766 | 5276 | 1128 | 7 تشرینی یەکەمی 1329 | فەرمانبەری نفوس لە قەزای شارباژێر، رونکردنەوەی راپۆرتی 19/ جماد الاول/ 1329 ی ژمارە 132 | تۆفیق | | 8/تشرینی یەکەم/1329 | |
| | | | | ئەو زانیارییانەی کە بەیان کراوە بەشێوەی دۆسییەك نێردراوە[101] | | | | |

**دەیەم/ فەرمانگەی پۆستە و تەلەگراف:**

لە ساڵی 1330ك/1912ز. کۆمەڵێك فەرمانگە و فەرمانبەری نوێ لە شارباژێر بۆ کاری جیا جیا دامەزران، کە ئەوانیش: محەمەد ئەفەندی وەك بەڕێوەبەری پۆستە و تەلەگرافی شارباژێر دەستبەکاربووە.[102] ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە لەم کاتەدا لەلایەن عوسمانییەکانەوە ئەم قەزایە زیاتر گرنگی پێدراوە و دام و دەزگای میری زیاتر تیایدا جێگیرکراوە، بێگومان لەبەر گرنگییە ستراتیجی و ئابورییەکەی شارباژێریش بووە، چونکە تەواوی سنوری خۆرهەڵاتی ئەم قەزایە هاوسنوربوو لەگەڵ سنوری دەوڵەتی ئێرانی ئەوکات.

**یانزەیەم/ پەروەردەی شارباژێر**

هەروەها لەلایەنی زانستیشدا، ئەوکاتە جگە لە مامۆستایانی ئاینی و مزگەوت و تەکیە و مەدرەسە کە رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە لایەنی زانستی و فێرکاری لە کوردستان دا، ئەوا لەم کاتەدا کەسێك بەناوی سلێمان ئەفەندی وەکو مامۆستا (مدرس) بۆ قەزاکە دامەزرێنراوە.[103] تەنانەت ئەنجومەنێکی تایبەت بە زانست لە قەزاکەدا جێگیرکراوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کاروباری زانستی شارباژێر بکات کە ناوی (انجمن معارف) بە واتای ئێستا ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنی پەروەردە بووە، کە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەش پێکهاتوون لە شەش کەس، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ناو | پۆستەکەی |
|---|---|
| قایمقامی ئەوکات (سەید عەلی ئەفەندی) | سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی |
| صدیق بەگ | نوێنەری پەروەردە لە شارباژێر |
| عەبدولقادر بەگ | ئەندامی ئەنجومەنی زانستی |
| محەمەد عارف ئەفەندی | ئەندامی ئەنجومەنی زانستی |

[100] DH_SN__THR__00046_00024_002_001.
[101] DH_SN__THR__00046_00024_003_001.
بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (حەوت).
[102] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 313.
[103] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 313.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

| | |
|---|---|
| عەلی مەردان ئەفەندی | ئەندامی ئەنجومەنی زانستی |
| جەمیل ئەفەندی | ئەندامی ئەنجومەنی زانستی[104] |

**دوانزەیەم/ کارگێڕی ناحیەی (ماوەت) لە قەزای شارباژێر:[105]**

لە ساڵانی 1325ك / 1907ز وە 1330ك / 1912ز دا شارباژێر ناحیەیەکیشی هەبووە بەناوی (ماوەت) کە ئەم ناحیەیە 36 دێی هەیە و هەروەها قەزای شارباژێریش 89 دێی هەیە، هەربۆیە سەرجەم لادێکانی ئەم قەزایە بریتی بوون لە 125 لادێ.[106] ئەم ناحیەیە لە ساڵی 1308ك/1890ز لە لایەن محەمەد ئاغاوە بەڕێوەدەبردرا، هەروەها ئەحمەد ئەفەندیش نووسەری داواکاری ئەم ناحیەیە بووە. [107] بەڵام لە ساڵانی 1310ك/1892ز عوسمان ئەفەندی دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیە و ئەحمەد ئەفەندیش هەر لە پۆستی نووسەری داواکاری ناحیەکە دەمێنێـەوە.[108] تەنانەت ساڵی 1312ك/1894ز. عەبدولکەریم ئاغا دەبێتە بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت، و ئەحمەد ئەفەندیش هەر لە شوێنی خۆی دەمێنێـەوە.[109] دواتر لە ساڵی 1325ك/1907 دەبینین بەڕێوەبەری ناحیەکە و نووسەری داوای کارییەکەی گۆڕاوا، بە شێوەیەك فتح الله ئەفەندی بۆتە بەڕێوەبەری ناحیە و تۆفیق ئەفەندیش بووە بە نووسەری داواکاری(دعوی).[110] هەروەها لە ساڵی 1330ك/1912ز. تۆفیق ئەفەندی بووە بە بەڕێوەبەری ناحیە و عەبدولقادر ئەفەندیش بووە بە نووسەری داواکار لە ناحییەکەدا.[111]

**سیانزەیەم: لابردنی قایمقامی شارباژێر و دادگایی کردنی:**

لەتۆمارێکی تری ساڵنامەی عوسمانیدا باس لە لابردن و دادگاییکردنی هەردوو قایمقامی بازیان و شارباژێر کراوە، دەقی فەرمانەکە لە ڕۆژی ١٠ی جەمادی ئولای ١٣٠١ك کە هاوکات بووە لەگەڵ ڕۆژی ٧ی ئازاری ١٨٨٤ز. دەرچووە بەڵگە نامەکە بەم شێوەیە:

"بۆ جەنابی خاوەنشکۆ.. لە سەنجەقی سلێمانی قائیمقامی قەزاکانی بازیان و شەهربازار، عەبدولڕەحمان بەگ لەگەڵ داود ئەفەندی پارەی میرییان بە خراپی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی جموجوڵی دژی سەروویان ئەنجام داو، بۆیە براونەتە ژێر دادگا، لەشوێن ئەوان کەسانی گونجاو دابمەزرێن، ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای بازیان قائیمقامی پێشوو ئیبراهیم سدقی ئەفەندی هەڵبژێردراو لە چینی سێیەم لە بارەی دامەزراندنیەوە بڕیارنامەی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەگەڵ نووسراوی نەزارەتی(وەزارەتی)ناوخۆی جەلیلە پێشکەش کراوە، هەر چۆنێک بێت ئەمر و فەرمانی جەنابی پاشا هەر کاتێک بفەرموێت بە پەلە جێبەجێ دەکرێت، لە ١٠ جەمادی یەکەم ١٣٠١ (1882/3/10) و لە ٢٥ شوبات ١٢٩٩".[112]

لە ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیەدا تەنها ئاماژە بە لابردن و دادگایی کردنی هەردوو قایمقامی بازیان و شارباژێر (عەبدولڕەحمان بەگ) و (داود ئەفەندی) کراوە، و دوو تۆمەت ئاراستەیانکراوە ئەویش دەڵێت کە هەردووکیان "پارەی میرییان بە خراپی بەکارهێناوە،" و "جموجوڵی دژی سەروویان ئەنجام داوە"، بەڵام نازاندرێت کە ئایا ئەم خراپ بەکارهێنانەی پارەی میرییە پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبووە، یان پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە ئەم پارەیە بۆ پرۆژە و کارێک خەرجکراوە کە لە بەرنامەی دەوڵەت و

---

[104] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 313.

[105] جێی ئاماژەیە دەگوترێت پێش قەڵاچوالان ماوەیەک (ماوەت) پایتەختی بابان بووە، و لە ئێستاشدا کراوەتە بنکەی قەزایەکی سەربەخۆ و بەشێک لە شارباژێری سەخت و شینکایەتی و دۆڵی جافایەتی خراوەتە سەر سنوری ئەم قەزایە. بەوتەی کارگێران ئەمە بۆ ئاسانکاری کارگێرییە تا خەڵکی سنورەکە ڕوونەکەنە چوارتای بنکەی سەرەکی قەزای شارباژێر، بەڵام شارباژێر هێندە قەزایەکی قەرەباڵغ نییە، ئەم دابرینە کارگێرییە بە پلەی یەکەم بۆ داتاشینی پۆست و پلەی زیاترە بۆ دابەشکردنی پۆستە بەسەر ئەحزابی بەشداربوو لە ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی، تا چەند قایمقام و بەڕێوەبەرێکی کارگێری زیاتر هەبن و بەشی هەموان پۆست هەبێت. دیارە ماوەت و قەڵاچوالان وەک دوو بنکەی کارگێری سەردەمی بابانیش هەر گرنگی خۆیان هەبووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ وە ماوەت کراوەتە قەزایەکی تایبەت و لە شارباژێر جیاکراوەتەوە. (سروە جلال حمە، س.ب، ل8).

[106] Cengiz Cengiz, Murat BABUÇOĞLU, Orhan ÖZDİL, OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL, Ankara, 2005, 212. سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 315

[107] سالنامەء ویلایت موصل، 1308، 152.

[108] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 219.

[109] سالنامەء ویلایت موصل، 1310، 188.

[110] سالنامەء ویلایت موصل، 1325، 233.

[111] سالنامەء ویلایت موصل، 1330، 313.

[112] I.DH. 00910.072271.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

قەزاکەدا نەبووە. ئەمە جگە لەوەی تۆمەتی دووەم کە دەڵێت"جموجوڵی دژی سەروویان" ئەنجامداوە، نازاندرێت مەبەست لێی جوڵانەوەیەکی سیاسی بووە دژی دەوڵەتی عوسمانی یاخود دژی والی و پاشای عوسمان لە بەغدا، یاخود ئاسانکاری بۆ هۆزە کوردەکانی ناوچەکە.

**چواردەم: گەڕان بە دوای ئەو وەستایانەی تفەنگی (مارتینی)[113]یان وەک خۆی دروستکردووەتەوە:**

لە بەڵگە نامەیەکی ساڵی ١٨٩٦ ز دا داواکراوە کە گشت ئەو تفەنگەکانی لەسەر شێوەی تفەنگی مارتینی دروستکراونەتەوە کۆبکرێنەوە و دەستیان بەسەردابگیرێت و گەڕانیش بە دوای وەستاکاندا بەردەوام بووە، لە ناو ئەو شوێنانەدا کە ئەم تفەنگەکانی تێداگیراوە قەزای شارباژێر بووە:

"بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە ویلایەتی بەغداد
تەلەگرافنامەهاتووە

لە ٧ تەمموز ١٣١٤ لەم ویلایەتە بە پۆستەی تەتەرەکان ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر تفەنگی میری مارتینی کراوە، بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئاگاردای پێویست نێردراوە، ئەو شوێنانەی لەگەڵ مەرکەزی ویلایەت بەستراوەتەوە، کاری لاسایی کردنەوەی تفەنگی مارتینی دەکەن، هێشتا وەستاکان نەدۆزراونەتەوە بە گشتی لە وەڵامی ئەو ئاماژانەی کە لە شوێنەکان و فەرمانگەکانی ئەفسەر و پۆلیس وەرگیراوە، نیشاندراوە لە قەسەبەی سلێمانیە سەربە ویلایەت موسڵ بیست و یەک، لە گوندی قەرانفا(لەوانەیە مەبەست لێی دێی قازانقایەی بناری دێلێژە-بەرانان بووبێت)دوو، هەروەها لە قەزاکانی مەرگە و شەهربازار و بازیان بۆ هەریەکە چوار و هۆزی داودە سێ و لە قەزای سەڵاحییە دوو، بە کۆکراوەیی ٤٦ یاخود ...کەسەوە کاری ئەو تفەنگانە دەکرێت و دەفرۆشرێت، بە لێکۆڵینەوەی تەواو ڕاگەیەندراوە، فەرمان. ١٨ تەمموز ١٣١٤ (1896/10/22)."[114]

**پازدەیەم: نیشتەجێکردنی دەرویش و موریدەکانی شێخ مارف لە شارباژێر:**

تا ئێستاش لە مێژووی زارەکی شارباژێردا پەیوەندی بەهێزی شێخ مارفی نۆدێ(١٧٥٣-١٨٣٨ز) و میرانی بابان باس دەکرێت کە لەوکاتەی پایتەختی بابان لە قەڵاچوالان بووە، هەر دەستەیەک لە شێخانی لای بانە و مەریوان یان هاوڵاتیانی ئاسایی ئاوارەی ئەم دیو سنور ببونایە، شێخ مارف داوای لە میرانی بابان دەکرد لە و لادێیانەی کە دانیشتوانەکەی بە تەواوەتی ڕوبووبوون بە هۆی نەخۆشییەوە یان دانیشتوانەکەی ژمارەیان کەم بوو نیشتەجێ بکرێن یان زەوی بکرێن.

بە هەمان شێوە، عوسمانییەکانیش گرنییان بە کوردە سوننەکان بە تایبەت شێخانی تەریقەت دەدا، هەم لەبەرئەوەی سوننی بوون، و هەم لەبەرئەوەی کە ئەوان لە سنوری دەسەڵاتی شای ئێراندابوون، بۆ ئەوەی لایەنگری بۆ عوسمانییەکان لەناو کورددا زیاد بکەن. تۆمارەکە بەم شێوەیە داوای نیشتەجێکردنی ئەم موریدانە و خێزانەکانیان لە چەند شوێنێکی باشوری کوردستان لە ناویاندا قەزای شارباژێر دەکات:

"بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی (سەرۆکایەتی) پایەبەرز

شێخ مەعروف نیشتەجێی قەزای مەریوانی ئێران ٢٠٠ خانە لەگەڵ موردیەکانی بۆ ئەم لایەن هیجرەت دەکەن، داوای کردووە چەند گوندێک لە گوندە وێرانەکان بۆ خۆی دابین بکرێت، جگە لەوانە لە ئێران ٣٠٠ خانەی خەڵک دێن لە ناحیەی قزڵجە نیشتەجێ بوون، ئەم وتانە لە ویلایەتی موسڵ لەسەر دوو پارچە تەلەگرافنامە کە وەرگیراوە نووسراوە، تا ئێستا ئەو خەڵکەی لە ئێران دێت ئەو هەژمارە پەیوەستە بە چییەوە، لەلایەن ئێوەوە نیشتەجێ بوون و شێخ مەعروف لەگەڵ زانیارییەکانی بەیەکەوە هاتوون و نەهاتووە وەڵامی ئەم پرسیارانە تێدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمجارە ئەوەی لە سەدارەتپەناهی وەرگیراوە، پێشکەش کراوە و

[113] ئەم تفەنگە پێی ئەوترێت مارتینی هێنری، تفەنگی سوپای ئینگلیزی ئەوکات بووە، لە ساڵی ١٨٧٠ تا ساڵی ١٩١٨ لە کاردابووە و بەکارهێندراوە، سێ جۆری هەبوون، دووری فیشەکەکانی بەپێی جۆری تفەنگەکە دەگۆڕا لە نێوان ٣٧٠ مەتر بۆ ١٢٤٥ مەتر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Achtermeier, William, O., (1979) “The Turkish Connection: The Saga of the Peabody-Martini Rifle,” Man At Arms Magazine, Volume 1, Number 2, pp. 12-21, 55-57

[114] ئاشتی رەحمان، نەوزاد یەحیا باجگر ، بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا(١٢٩٨-١٣٣٦ کۆچی/ ١٨٨١-١٩١٨زایینی، هەولێر، زانکۆی جیهان، ٢٠١٨، ل.١٠٥.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕاگەیەندراوە، بە خوێندنەوەی تەلەگرافنامە ئەوەی جەنابی وەکالەتپەناهی دەفەرموویێت ئەوەی تا ئێستا لە ئێران دێت برەکەی گەیشتووەتە نزیکەی ٦٠٠ خانە، لەوانەش قەزای شەهربازار و ناحیەکانی قزلجە و ماوەت نیشتەجێ بوون، هەمووی دەکاتە ٩٠٠ خانە، دیسان لەلایەکی تر ئاماژە بە هیجرەت کردن کراوە و شێخ مەعروف لە ساداتی بەرزنجیە لە مێژە لەلایەنی ئێران دەست ڕۆیشتووە، لەگەڵ خۆی جگە لە ئەوانەی ئارەزووی هاتن دەکەن، لە موریدەکان و ئەوانی تر ٢٠٠ خانە زیاترە، ئەوانە شوێنی گونجاویان پێ بدرێت، جگە لەمەش لە موتەسەرفیەتی سلێمانی وا نیشان دراوە کە هەندێک پلەوپایەیان پێ بدرێت، ئەو کۆچکردووانە لە ئەنجامی تکاو پاڕانەوەیان بۆ سەڵتەنەتی سەنیە پێویستە لە شوێنی گونجاو نیشتەجێ بکرێن و یارمەتی بدرێن، شێخی ناوبراویش داوای کردووە لە دەوروبەری موسڵ لەچەند گوندێکی وێران نیشتەجی بکرێت، لە ئاماژەی ویلایەت دەرکەوتووە، بۆ جێبەجێ کردنیشی هاوکاری سەروو دەکرێت."[115]

**ئەنجامەکان**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

قەزای شارباژێڕ مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە و پێنج هەزارساڵ پێش ئێستا یەکەم نیشتیمانی لوللوبییەکان بووە و سێ هەزارساڵ لەمەوبەریش پایتەختی وڵاتی زامواى لوللوبییەکان هەر لە شارباژێڕ بووە. لەوکاتەشدا کە پایتەختی بابانەکان لە قەڵاچوالان بوو و دواتریش بە درێژایی سەردەمی عوسمانیش ناوچەیەکی گرنگی کارگێری بووە و هەر وەک یەکێک لە کۆتا ناوچەکانی ئەوپەڕی سنوری خۆر هەڵاتی قەڵەمرەوی عوسمانییەکان ماوەتەوە.

بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی دەربارەی شارباژێڕ دوو جۆری سەرەکین، ئەوانیش ساڵنامەی ویلایەتی موسڵ و نامە و نووسراوە تەلەگرافییەکانن. ئەم بەڵگانەی دەوڵەتی عوسمانی پێمان دەڵێن کە بنکەی قەزای شارباژێڕ سەرەتا لە شیوەکەڵ بووە، ئەم بەڵگانەی دەوڵەتی عوسمانی پێمان دەڵێن کە بنکەی قەزای شارباژێڕ لەم کاتەدا لە سیتەک بووە و ئەمە جگە لەوەی دیاریکردنی دێی کەنارو وەک ناوەندی قەزاکە لە تەلەگرافنامەکانی عوسمانیدا گفتوگۆ کراوە، بەڵام بە هاتنی ئینگلیزەکان و کاتێک ئەدمۆنز فەرمانڕەوای لیوای سلێمانی بووە، ناوەندی قەزای بۆ چوارتا گواستووەتەوە.[116] لە سەردەمی عوسمانیدا دیاریکردنی سیتەک وەک بنکەی قەزاکە لەبەر چەند هۆکارێک بووە، یەکەمیان نزیکی لە سلێمانی و دووری لە سنوری قەڵەمرەوی شای ئێرانەوە، بۆ ئەوەی هەر هێرش و پەلامارێک بوو لە سنور دووربێت، هەروەها بە ئاسانی یارمەتی و پاڵپشتی لە سلێمانییەوە پێبگات. ئەمە جگە لەوەی سیتەک بە دەربەندەکانی ئەزمڕ و گۆیژە و دۆڵەکانی سنوری بەرزنجە و سرۆچک و قەڵاچوالان و سەرە ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان بانە و سلێمانییەوە بەسترابووەوە.[117]

لە ڕووخانی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٨٥١ تورکە عوسمانییەکان دووبارە قەزای شارباژێڕیان داگیرکردەوە و قایمقام و بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی قەزای شارباژێڕیان بە فەرمانی کارگێری تایبەت لە ویلایەتی موسڵ دیاریکردووە، هەندێک لە بەرپرسان خەڵکی ناوچەکە بوون، بەڵام زۆربەیان خەڵکی شوێنی تر بوون.

115 ئاشتی رەحمان، نەوزاد یەحیا باجگر ، س.پ، ل٣٣.

116 ئەو کاتەی سیتەک ناوەندی قەزای شارباژێڕ بوو، ئەدمۆنز وەک حاکمی ئینگلیز لە سلێمانی بێزاربووبوو لە هەڵسوکەوتی قایمقام و ئەو فەرمانبەرانەی قەزای شارباژێڕ کە لەگەڵ تەواوبوونی دەوام لە سیتەک نەدەحەوانەوە و دەهاتنەوە سلێمانی، لەبەرئەوە بیر لەوەکرایەوە کە شوێنێکی دوورتر لە سلێمانی و شوێنێکی گونجاو دیارییبکرێت، ئەدمۆنز گەشتێکی بەیاوەری قایمقامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و سەردەمی دواتردا بە شاربژێڕدا کرد، دواجار چوارتا دیاریکرا وەک شوێنێک بۆ ئەوەی ناوەندی قەزاکەی بۆ بگوازرێتەوە. ئەوانەی لە سیتەک بوون بەم بڕیارە دڵتەنگ بوون، و بە ئەدمۆنزیان ئەوت چوارتا ئاوەکەی کانزاییە و بۆ گەدە خراپە، بەڵام ئەدمۆنز بڕیاری خۆی داو قامقامی نوێ لە ناوەندی چوارتا دەستبەکاربوو و تا ئەمڕۆش هەر چوارتا ناوەندی قەزای شارباژێڕە. ( Edmonds, C. J., 1957 “Shar Bazhêr and the Basin of the Qalachuwalan,” The Geographical Journal, Vol. 123, No. 3 (Sep., 1957), pp. 318-328.

117 ئەو کاتەی سیتەک ناوەندی قەزای شارباژێڕ بوو، ئەدمۆنز وەک حاکمی ئینگلیز لە سلێمانی بێزاربووبوو لە هەڵسوکەوتی قایمقام و ئەو فەرمانبەرانەی قەزای شارباژێڕ کە لەگەڵ تەواوبوونی دەوام لە سیتەک نەدەحەوانەوە و دەهاتنەوە سلێمانی، لەبەرئەوە بیر لەوەکرایەوە کە شوێنێکی دوورتر لە سلێمانی و شوێنێکی گونجاو دیارییبکرێت، ئەدمۆنز گەشتێکی بەیاوەری قایمقامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و سەردەمی دواتردا بە شاربژێڕدا کرد، دواجار چوارتا دیاریکرا وەک شوێنێک بۆ ئەوەی ناوەندی قەزاکەی بۆ بگوازرێتەوە. ئەوانەی لە سیتەک بوون بەم بڕیارە دڵتەنگ بوون، و بە ئەدمۆنزیان ئەوت چوارتا ئاوەکەی کانزاییە و بۆ گەدە خراپە، بەڵام ئەدمۆنز بڕیاری خۆی داو قامقامی نوێ لە ناوەندی چوارتا دەستبەکاربوو و تا ئەمڕۆش هەر چوارتا ناوەندی قەزای شارباژێڕە. ( Edmonds, C. J., 1957 “Shar Bazhêr and the Basin of the Qalachuwalan,” The Geographical Journal, Vol. 123, No. 3 (Sep., 1957), pp. 318-328.).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەڵگەنامە عوسمانییە بەکارهێندراوەکان لەم توێژینەوەیەدا مێژوویان لە نێوان ساڵانی ١٨٥٦ تا ١٩١٢ز. دایە، واتە لە دوای ڕوخانی میرنشینی بابان هەتا دوو ساڵ لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

هەندێک کات قایمقامەکانیش بەدڵی دەوڵەتی عوسمانی نە جووڵاونەتەوە و سزادراون و دادگاییش کراون، قائیمقامی قەزاکانی بازیان و شەهربازاڕ، عەبدولڕەحمان بەگ لەگەڵ داود ئەفەندی تۆمەتبارانکراون بە بەکارهێنانی پارەی میریيان بە خراپی و جموجوڵی دژی سەروو، لەبەرئەوە لە پۆستەکانیان لادراون و ڕووبەڕووی دادگاکراونەتەوە.

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی قەزای شارباژێڕ لە چەند ئەندامێک پێکهاتبوون، سێ ئەندامیان هەمیشەیی بوون و لە هەندێک جار لە کەسایەتی و ئاغاکانی شارباژێڕ هەرڵدەبژێردران، سەرۆکی ئەنجومەن قائیمقامی شاباژێڕ و جێگرەکەیی و بەرپرسی دارایی وبەرپرسی باج وسێ ئەندامی تر. دواتریش لە ساڵی ١٩٠٧ ئەنجومەنەکە کرانە (نۆ) ئەندام و پۆستی بەرپرسی شیکردنەوەی داراییش زیادکرا، لە ساڵی ١٩١٢شدا پۆستی موفتی بۆ ئەم ئەنجومەنە زیادکرا و یەکەم موفتی (شێخ جەلالەدین ئەفەندی)بوو.
لە ساڵی ١٨٩٠دا دادگای بەرایی شارباژێڕ دامەزرا و جگە لە سەرۆکی دادگا و دوو ئەندامی تر، دادوەری لێکۆڵینەوە و دوو دادنووس دامەزرێندران. پاشان کەسێکی تریش وەک پۆستەچی لەوێ دامەزرا. هەروەها لە ساڵی ١٩١٢ دادگای شەرعیش دامەزرا کە جێگری سەرۆکی دادگای بەرایی سەرۆکی بوو، هەروەها دوو دادنووس و سەرۆکی بەشی مناڵانی بێباوک (یەتیم)ان ئەندامی ئەم دادگایەبوون.

لە ساڵی ١٨٩٠ بنکەی پۆلیسی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان لە شارباژێڕ دامەزرا. هەروەها فەرمانگەی تۆماری دانیشتیوان و باری شارستانی لە ساڵی ١٨٩٠ لە شارباژێڕ دادەمەزرێت، و فەرمانگەی تاپۆی زەوی و زار هەر لە هەمان ساڵدا دادەمەزرێت و تا ئێستاش خەڵکی ناوچەکە کە لەو کاتەدا باپیرانیان تاپۆی زەوییەکانیان کردووە بە تاپۆکە ئەڵێن (تاپۆی ڕەشی عوسمانی).

سەرەتای پەروەردە لە شارباژێڕ بە ناوی ئەنجومەنی مەعاریف لە ساڵی ١٩١٢ دامەزراوە، قایمقامی شارباژێڕ سەرۆکی ئەنجومەنەکە بووە، و صدیق بەگ نوێنەری پەروەردە بووە، لەگەڵ چوار ئەندامی تری ئەنجومەنەکە کە وەک ئەندامی زانستی ناویان تۆمارکراوە. فەرمانگەی پۆستە و تەلەگراف لە ساڵی ١٩١٢ دامەزراوە.

هەندێک لە تۆمارەکان ئاماژە بە شەڕی چەکداری و پێکدادانی خەڵکی پشدەر لەگەڵ شارباژێڕییەکان و شەڕی نێوان لادێکان، بەتایبەت دێی قامیش و زەروون. هەروەها ئاماژە بە جێگیرکردنی لەشکری سەربازی دەکات لەسنورەکە بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕەکە بهێندرێت. ئەمەش لەڕووی کارگێڕییەوە کردارێکی پێویست بووە بۆ کۆتایی هێنان بە خوێنڕێژی نێوان دوو دێ. بەڵگەنامەیەکی تر ئاماژە بە کێشە و فرتوفێڵ و قۆڵبڕین کراوە و پیاوخراپەکە خۆی گەیاندۆتە سنوری بانە.

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی تردا باس لە شەڕ و ئاژاوە لە ناوچە سنورییەکانی قامیش و زەرون و بارێی خواروو دەکات، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە کەوتبوونە سەر سنوری بانە و سەردەشت و جگە لە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بەشێک لە خەڵک بە بازرگانییەوە سەرقاڵبوون و کاروانە بازرگانییەکان بەم شوێنانەدا تێدەپەڕین و ئەمەش دەبووە هۆی تەماعکاری و تێپەڕبوونی پیاوخراپەکاران و ئاژاوەچییان و توشبوونی ئەو دانیشتوانی ئەو لادێیانە بە شەڕ و ئاژاوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**لیستی سەرچاوەکان**

**ساڵنامەکانی عوسمانی / ویلایەتی موسڵ**

سالنامەء ويلايت موصل، 1308.
سالنامەء ويلايت موصل، 1310.
سالنامەء ويلايت موصل، 1312.
سالنامەء ويلايت موصل، 1325.
سالنامەء ويلايت موصل، 1330.

**بەڵگەنامە عوسمانییەکان:**

A {DVNSMHM_00024_00129 (291).
DH_EUM_EMN__00043_00013_001_001.
DH_TMIK_M___00113_00029_001_001.
A_{DVNSMHM_00024_00129 (291).
İ__AS___00034_00076_004_001.
İ__AS___00034_00076_002_001.
DH_SN__THR__00046_00024_002_001.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- پیرەمێرد، تۆفیق ئاغای هەمزەئاغای مەسرەف، پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوەی فایەق هۆشیار و ئەوانی تر، بەرگی یەکەم، بەبێ ساڵی چاپ، چاپخانەی ئەدیبان.
- حمە، سروە جلال، ٢٠١٢، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێردا (١٩٥٧-٢٠٠٩)، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٦، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە هەتا ئیمڕۆ، بنکەی ژین.
- ڕەحمان، ئاشتی، باجگر، نەوزاد یەحیا، ٢٠١٨، بازیان و چەمچەماڵ لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا(١٢٩٨-١٣٣٦ کۆچی/ ١٨٨١-١٩١٨زایینی، هەولێر، زانکۆی جیهان.
- محمد، محمد وتمان، ٢٠١٥، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شاربازێڕ، (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزاری)، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
- محمود، بختیار سعید، "قەزای کۆیە لە ساڵنامەکانی ویلایەتی موسڵ و کتێبی قاموس الأعلام"، (کۆنفڕاسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانییەتدا / زانکۆی کۆیە)، ( هەولێر: چاپخانەی شەهاب، 2019)،ل. 99.
- میر شەرەفخان، ٢٠٠٦، شەرەفنامە، هەولێر: چاپخانەی ئاراس، چاپی سێیەم.
- عەبدولڕەحمان، محەمەد صالح، ٢٠٠٦، شیکردنەوەی جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای شارباژێردا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای دێنشینی دا، ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، بژار عوسمان ٢٠١٩، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا، بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، سلێمانی: ناوەندی سارا.
- ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، "گرفتی ناوی شاربازێڕ،"گۆڤاری بابان، (٢-٣)

**سەرچاوە عەرەبییەکان**

- باقر، طه، و سفر، فؤاد، ١٩٦٥، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، الرحلة الرابعة، بغداد.
- بيات، فاضل ، 2007، الدولة العثمانية في المجال العربي، بيروت.
- خليل علي مراد، "رحلة أوليا جلبي مصدرا لدراسة أحوال العراق في القرن السابع عشر،" مجلةالمشكاة، عدد 1، جامعة الموصل، كلية الاداب، قسم التأريخ، 2004، ص ص: 47-48.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- على مراد، خليل، 2013، الكرد وكردستان في كتاب (جيهان نوما) لكاتب جلبي، اربيل.
- قادر، پيمان مظفر صالح، ٢٠١٦، تأثير المناخ في راحة الانسان للنشاط السياحي في قضاءي كلار و شارباژير (دراسة مقارنة في الجغرافية السياحية)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم لانسانية، جامعة السليمانية.
- نيبور، كارستن، ١٩٦٥، رحلة نيبور الى العراق في القرن الثامن عشر، ترجمة: محمود الامين، بغداد.

**سەرچاوە تورکییەکان:**

- Ayabakan, Levent, (2016), "Kürtlerde Tütün Kültürü ve Kürtlerin Tütün Ekonomisinde İngiltere'nin Rolü (1883-1923)،"VAKANÜVİS- Uluslararası Tarih Araştırmaları Dergisi/ International Journal of Historical Researches, Yıl/Vol. 1, Sayı/No. 2 Güz/Fall 2016 ISSN: 2149-9535.
- Ayn-i Ali Efendi, Kavânîn-i Âl-i Osman der Hülâsa-i Mezâmin-i Defter-i Divan, İstanbul: Tasvir-i Efkâr Gazetesi Yayınları, 1280.
- Cengiz Cengiz, Murat BABUÇOĞLU, Orhan ÖZDİL, OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL, (Ankara: 2005).
- Cengiz, Murat BABUÇOĞLU, Orhan ÖZDİL, OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL, (Ankara: 2005).
- Evliyâ Çelebî, Evliyâ Çelebî Seyyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, Cilt IV, (haz.) Yücel Dağlı, Seyit Ali Kahraman, İstanbul: YKY, 2000, s. 297.
- İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ, ve Hacı Osman YILDIRIM. (1993). (MUSUL – KERKÜK İLE İLGİLİ ARŞİV BELGELERİ 1525 – 1919), Ankara.
- İsmet DEMİR, Uğurhan DEMİRBAŞ,..ve Hacı Osman YILDIRIM.
- Martin van Bruinessen, Hendrik Boschten. (1988). EVLİYA ÇELEBİ IN DIYARBEKIR, Brill: Volume I.
- Mehmet AKBAŞ, Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan, Artuklu Akademi - Journal of Artuklu Academia 2015/2(1), 4.
- Mehmet Ali Ünal, Osmanlı Müesseseleri Tarihi,9.basım, İsparta: Fakültekitapevi,s.56; TİMAR, Halil İnalcık, DİA, cilt: 41.
- ZEYNEP ERDURAN, Evliya Çelebi Seyahetnemesine göre İstanbul'da Esnae, Zanaat ve Ticaret, Kırık Kale Üniversitesi. SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ, TARİH ANABİLİM DALI, KIRIKKALE-2006, XXIII- XXIV.

**سەرچاوە بیانییەکان:**

- Ahmed, K. M., 2012 *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500 BC) A Historical and Cultural Synthesis*, PhD dissertation, Leiden University, (unpublished).
- Bonechi, M., 1993, I nomi geografici dei testi di Ebla, RGTC 12/1, Wiesbaden, 223.
- Edmonds, C. J., "Shar Bazhêr and the Basin of the Qalachuwalan," The Geographical Journal, Vol. 123, No. 3 (Sep., 1957), pp. 318-328**.**
- Grayson, A. K., 1991 Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 1 (1114-859 BCE) (RIMA II = The Royal
- Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I), Toronto - Buffalo – London.
- Grayson, A. K., 1996 Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 2 (858-745 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods III), Toronto - Buffalo – London.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


- Levine, Louis D., Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros: I, Iran, Vol. 11 (1973), pp. 1-27.
- Radner, K., (2017), "A Neo-Assyrian Legal Document from Tell Sitak." In: Heffron, Y., Stone, A. & Worthington, M. (eds.), *At the Dawn of History: Ancient Near Eastern Studies in Honour of J. N. Postgate* (Winona Lake): 423-430.
- Rich, Cladius James, 1860, Narrative of a residence in Koordistan: and on the site of ancient Nineveh; with journal of a voyage down the Tigris to Bagdad and an account of a visit to Shirauz and Persepolis, pp.140-160.
- Saber, S. A., et al., (2015), "REPORT ON THE EXCAVATIONS AT TELL SITAK: THE 2010 SEASON," Iraq, Vol. 76 (2014), pp. 205-229.
- William, O., (1979) "The Turkish Connection; The Saga of the Peabody-Martini Rifle," Man At Arms Magazine, Volume 1, Number 2, pp. 12-21, 55-57.

**ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

- https://turki.cagdassozluk.com/osmanlica-sozluk-madde-21441.html?fbclid=IwAR2axFmQwziP-Zd7sdh6E85mhrR8RQQvaN_ySly8IpwJ4F5Bba6b-5VwQHw)

**پاشكۆكان**

پاشكۆی ژمارە (یەك): چڕی دانیشتوان و دابەشبوونە كارگێڕییەكانی قەزای شارباژێڕ و ناحیەكانی و قەزای ماوەت. (وەرگیراوە لە: محمد وتمان محمد ، ٢٠١٥، نەخشەی ژمارە ٨).






Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دووەم/




BEO.001143.085714.010

وەرگێرانی بۆ كوردی:

تەلەگرافنامە

لەبەر ئەوەی تەلەگرافنامەی هەواڵگرییە، ئەوا دەوڵەت هیچ رۆژێك بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەو شوێنەی لێی هاتووە | موسڵ | ژمارەی هاتوو | |
| ئەو شوێنەی بۆی دەچێت | دارسعادە (ئەستەنبوڵ) | واژوو | خاوەنی تەلەگراف |
| ناوەند لەنێوانیان | نییە | بەروار | 1314/مارت/15 |
| ژمارە | 450 | فەرمانبەری چاودێر | رەمەزان |
| ژمارەی وشە | 67 وشە | فەرمانبەری وەرگر | زەكی |
| دەرچوون | 0 | | |
| بەروار | 1314/مارت/15 | | |
| وێنەیەك بۆ | نوسینگەی تایبەت | | |
| شەو یان رۆژ | كات 9:30 ی شەو | | |
| كاتی ناردن | 8 ی بەیانی | | |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)


المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بۆ وەزارەتی ناوخۆی پایەبەرز

قایمقامی قەزای بازیان عەبدولقادر پاشا، لەکەش و هەوای بازیان بێزار بووە، ویستویەتی بگواسترێتەوە بۆ قایمقامییەتی شارباژێر، بۆ ئەمەش متەسەریفییەی سلێمانی ئاگادار کردۆتەوە کە قایمقامی شارباژێر (رەمزی ئەفەندی) بۆ قایمقامییەتی زاخۆ گواستراوەتەوە، هەروەها وەڵامی نامەی گەیشتوی قایمقامی زاخۆ (کامیل ئەفەندی) لە 17/شوبات/ 1313 بۆ کەسێکیتر پێشکەشکراوە کە ئەمیش کەسێکی دیارە. 15/مارت/1314

عەبدولوەهاب: پارێزگاری موسڵ

سێیەم/


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie
OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. EMN
43 / 13 / 1

DH.EUM.EMN.00043.00013.001

وەرگێرانی بۆ کوردی:

تەلەگرافنامە

بەڕێوەبەرایەتی تەلەگرافنامەی دەوڵەتی عالی عوسمانی

لەبەر ئەوەی تەلەگرافنامەی هەواڵگرییە، ئەوا دەوڵەت هیچ ڕۆژێك بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت

شوێنی دەرچون: موسڵ

لەرێگای : ویلایەتی دیاربەکر

شوێنی گەیشتن: دار سعادە (ئەستەنبوڵ)

ژمارە: 18199

ماوەی گەیشتن: (3) سێ کاتژمێر

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


بەروار: 15/کانونی یەکەم/ 1329

بۆ وەزارەتی ناوەخۆ

وەڵام، کانونی دووەم/1329، فەتاح ئاغای خەڵکی دێی باری سفلا(بارێی خواروو) لە قەزای شارباژێر، کە لەلایەن کەریم کوڕی ئیسماعیل لە دێی دێی کرماد لە بانە هەڵخەڵەتێنراون، هەربۆیە پیاوەکانی فەتاح ئاغا لە دێیەکانی (باری سفلا و باپیرە و سور و یاری) دا کراون بە موختار و فەرمانیان بۆ دێی کرمان دەرکردووە، دوو کەسیش بەناوەکانی ئەمین و حەمەسور چەند کەسێکیان کوشتووە، بۆ ئەم هەواڵەش متەسەریفییەی سلێمانیان ئاگادار کردۆتەوە. 15/کانونی یەکەم/ 1329.

والی موسڵ: نضیف

چوارەم/




DH.TMIK.M.00113.00029.001

وەرگێرانی بۆ کوردی:

بیهی

بۆ وەزارەتی ناوخۆی پایەدار

ویلایەتی موسڵ

نوسینگەی تایبەت


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية ص:135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


بەڕێز جەنابی وەزیر

ئەمەی دەیبینن وەڵامی جەنابی وەزیرە لە فەرمان نامەی ژمارە 48ی بەرواری 13/ حوزەیران/ 1317 ، دانیشتوی دێی (قامیش) لە قەزای شاربازێڕ، کە لە لایەن دانیشتوانی دێی (زرون)[118]ەوە هێرشیان کراوەتە سەر، بەڵام بەهۆی گروپە چەکدارەکەی ئەمین بەگ و بە هاوکاری هێزی سەربازی دەوڵەتەوە توانراوە بەرپەچی ئەم هێزە بدرێتەوە، ئەگەرچی دووبارە ئەم هێزە لە پشدەرەوە هێرشیان کردۆتەوە سەر دێی قامیش و چەندین کوشت وبڕ و تاڵانکاری لەناوچەکەدا رویداوە، هەر بۆیە بەمەبەستی رێگریکردن لە دووبارە بوونەوەی ئەم کردەوانە، بە پێویست زانراوە مەفرەزەیەك لە پۆلیسی دەوڵەت لە دێی قامیش بمێنێتەوە و بۆ ئەمەش ئاگادارکردنەوەیەك بۆ متەسەریفیەی سلێمانی نێدراوە و پێداویستییەکانی رووبەڕووبوونەوەی هەر تاوان و دەستدرێژییەك بۆ پۆلیس و فەرماندەکانی ناوچەکە دابین کراوە، ئەمروفەرمان لەخاوەنشکۆوەیە.

24/جەمادی یەکەم/ 1319 24/ مایس/ 1317

وەکیلی والی موسڵ و فەرماندەی وەزارەت
سەید مەحەمەد فائق

پێنجەم/


İ.AS.00034.00076.004

بیهی
سەرۆکایەتی وەزیران (باب العالی)

---

118 دێی (زەروون) ئێستا یەکێکە لە دێیە نزیکەکان لە دێی قامیشەوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

فەرماندەگەی سەرۆکایەتی
ئەنجومەنی دیوانی هومایونی 2613


ڕێزدار حەزرەتی پایەبەرز (ئەمە کۆدێ پەیوەندی نێوان سەرۆك وەزیران و سوڵتانە)

تابوری پێنجەمی هێزی سەربازی ویلایەتی موسڵ لە سەنجاقی سلێمانیدا کە لە بلۆك (ناوچەکانی) شارباژێر و حەمیدییە و مەعمورە کە ماوەیەکە لەوێ ماونەتەوە و کەوتونەتە ناو فەرمانڕەوایی ناوچەیی دەوڵەتەوە و بابەت و داواکارییەکانیشیان بۆ نوێکردنەوە و گۆڕانکاری پێکردنی شوێنەکانیان لە فەرمانگەی پۆلیس (جەندرمە) بۆ فەرمانداری گشتی بەرزکاوەتەوە، هەر شێوازێك کە خاوەن شکۆ ویستی لەسەر بێت، ئەو ا بریاری گۆڕانکارییەکان بەوجۆرە دەبێت.
1/ ڕەمەزان/1318 10/کانونی یەکەم/1316
سەرۆکوەزیران : ماهیر

بۆلایەنی پەیوەندیدار

داواکارییەکە قبوڵکراوە، لەگەڵ داواکارییەکەی سەرۆکوەزیران و بە فەرمانی باڵای سوڵتان سەبارەت بەم داواکارییەی سەرۆکایەتی وەزیران دا، ئەوا ڕەزامەندی پێشان دراوە بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست بۆ ئەم بابەتە، کە خودی ئەمر و فەرمانەکەش لەخاوەنشکۆوەیە.
10/ ڕەمەزان/1318 19/کانونی یەکەم/1316
پاشای وڵات

شەشەم/



I.AS.00034.00076.002


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 135-167

**المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية**

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وەرگێرانی بۆ کوردی:

بیهی


بەشی سەربازی

فەرمانگەی پۆلیس (جەندرمە)

ئەو سەربازانەی لە هێزی پێنجەمی سوپای موسڵ دا لە شارباژێر و مەعمورە و حەمیدییە خزمەت دەکەن، ئەوانە ماوەیەکی درێژە لەشوێنی خۆیان کاردەکەن، هەر ئەمەش وایکردووە بەگشتی لە ئەرکی خۆیان دوربکەونەوە و بەگشتی بەکاری کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك دەبن، لەم حالەتەش دا سودیان بۆ دەوڵەت نابێت و تەنانە داوای خانەنشین بوون دەکەن، هەربۆیە گۆڕانکاریی پێکردنیان پێویستییەکی حەتمییە، هەر لەبەر ئەمەش ئەو معامەلاتانەی لە سەنجاقی سلێمانییەوە بۆ ویلایەتی ئاماژەپێکراو (موسڵ) بەشێوەی دۆسیەیەك نێردراون و نوسراوی خانەنشینکردنیان فەرمییەکانیان پەسەندکراوە. کە بۆ ئەمەش بنکەی پۆلیس و هێزی سوپای ناوچەکە بە فەرمانی پادشایی راسپێردراون بۆ بەدواداچوونی خانەنشین بوونیان و نوێکردنەوەی هێزەکانی ئەوێ، کە بۆ ئەمەش بە فەرمی لەلایەن پادشاوە سەرۆکایەتی وەزیران راسپێردراوە بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە و ئەمر و فەرمان لەخاوەنشکۆوەیە.

7/ شعبان / 1318          16/ تشرینی دووەم/ 1316

حەوتەم/



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

| تاریخ تبییض | تاریخ تسوید | ممیز | مسود | سجل نفوس ادارۀ عمومیه‌سی تحریرات قلمی | حواله تاریخی | قلم نومروسی | دوسیه نومروسی | اوراق نومروسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | ١١٢٨ | ٥٢٧٦ | ٧٦٦ |

[illegible]

OSMANLI ARŞİVİ
DH.SN.THR
46 | 24 | 3

DH.SN.THR.00046.00024.003

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
ص: 135-167
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

وەرگێرانی بۆ کوردی:

| ژمارەی ئەوراق | ژمارەی دۆسیە | ژمارەی خامە | بەرواری ناردن | تۆماری زانیاری دانیشتوان لە ئیداری گشتی | نوسراو | تایبەتمەندی | بەرواری وەرگرتن | بەرواری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 766 | 5276 | 1128 | 7 تشرینی یەکەمی 1329 | فەرمانبەری نفوس لە قەزای شارباژێر، رونکردنەوەی راپۆرتی 19/ جماد الاول/ 1329 ی ژمارە 132 | توفیق | | 8/تشرینی یەکەم/1329 | |
| | | | | ئەو زانیارییانەی کە بەیان کراوە بەشێوەی دۆسییەك نێردراوە | | | | |

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.8

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)